گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/khqc7e42
ڕێـكـەوتـی وەرگــرتـن: 20/08/2025
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 20/11/2025
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: 20/06/2026

# هۆكارەكانی ئاوەدانی و گەشەكردنی گوندەكانی ڕۆژئاوای هەرێمی چیاكان لەسەردەمی عەبباسییدا

**نەبەز اسماعیل عبدالله[١] - رسول ابراهیم رسول[٢]**
rasul.ibrahim@uor.edu.krd, nabaz.131123020@uor.edu.krd
[١+٢]بەشی مێژو، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی كوردستان، عێراق.

**پوختە:**
لێكۆڵینەوە لە ژیانی كۆمەڵایەتی لە مێژوی هەر كۆمەڵگایەكدا بابەتێكی گرنگ و بایەخدارە، بەتایبەت شـێوەكانی ژیان و كەلتوریان، لەوانەش كۆمەڵگەی كوردی، كە خاوەنی تایبەتمەندی تایبەت بە خۆی بوە، لە نمونەی ژیانی دێنشـینی كە بەسروشت مێژویەكی دێرین و پانتاییەكی گەورەی لە ژیانی جڤاكی كوردا داگیركردوە، جگەلەوەش بەشێكی گرنگ و زۆری لە پێكهاتەی دانیشـتوانی پێكهێناوە، بەجۆرێك تارادەیەكی زۆر سـیمای دێنشـینی و وەرزێری بە كۆمەڵگاكە بەخشـیوە، ئەوە نەخاسمە سەرچاوەی بژێوی و ژیانی بۆ دانیشتوان دابینكردوە، بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ كۆمەڵێك هۆكار، كە لێكۆڵینەوە دەربارەیان پێویسـتییەكی زانسـتی و مێژوییە، بەتایبەت لە سـەردەمی عەبباسـیدا، كە قۆناغێكی گرنگ و دەوڵەمەندی فەرهەنگ و كەلتوری كوردە، هەربۆیە توێژینەوەكە تەرخانكراوە بۆ (هۆكارەكانی ئاوەدانی و گەشـەكردنی گوندەكانی ڕۆژئاوای هەرێمی چیاكان)، كە لەبەربەر فراوانی سـنوری هەرێمە كوردنشـینەكان تەنها هەرێمێك وەك نمونە وەرگیراوە، ئەوەی تایبەتیشـە بە میتۆدی توێژینەوەكە ئەوە پەیڕەو لە میتۆدی مێژویی شـیكاری كراوە، سـەرباری ئەوەی لە هەندێ بارودۆخدا خواستویەتی میتۆدی گێڕانەوە و وەسفیش پەیڕەوبكرێت، نمونەی پێویست بە گوند و ئاواییەكانی هەرێمەكە دەهێنرێنەوە. ئامانجی توێژینەوەكە بریتییە لە ئەنجامدانی توێژینەوەیەكی زانسـتی بێلایەنانە لەسـەر دەستنیشانی هۆكارەكانی ئاوەدانی و گەشەكردنی گوندەكان لە سنور و ماوەی دیاریكراوی توێژینەوەكەدا، بە بەكارهێنانی سـەرچاوەی ڕەسـەن و ژێدەری زانسـتی تایبەتمەند، كە لەئەنجامدا ئەوە خراوەتەڕو، كە بەشـێكی دیاری پێكهاتەی دانیشتوان لە وەرزێر و كۆچەری و دێنشینان بون، كشتوكاڵیش سیمای دیاری ژیانیان بوە.
توێژینەوەكەش لە دو تەوەرەی سـەرەكی و پێشـەكی و ئەنجام و لیسـتی سـەرچاوەكان پێكهاتوە، تەوەرەی یەكەمی تایبەتكراوە بە ڕەهەندە سروشتی و جوگرافییەكان، هەرچی تەوەرەی دوەمیشە ڕەهەندی مرۆییەكانی لەخۆگرتوە.
كلیلی وشەكان: گوندەكان، ڕۆژئاوای هەرێمی چیاكان، هۆكاری سروشتی، هۆكاری مرۆیی، گەشەكردن

# Factors of Prosperity and Development of the Villages in the Western Region of the Mountains during the Abbasid Era

**Nabaz Ismail Abdullah[1] - Rasul Ibrahim Rasul[2]**

[1+2]Department of History, College of Humanities, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

Research on the villages and languages of the people is very important and very valuable, especially their way of life and cultures Including Kurdish society, which has its own characteristics, In the example of village life, which naturally it has a long history and occupies a large area of Kurdish social language and culture, except it, it has formed an important part of Population Structure. It has largely given the society a villagers and agricultural character, especially the source of livelihood for the inhabitants. Of course, this is due to a number of reasons that needs a scientific and historical research, especially during the Abbasid period,(13-656 / 749-1258 AD) which is an important and rich period of Kurdish culture , because of this, the research is devoted to (the reasons for the centering and development of the villages of the western regions of different regions) and because of the wide land of the Kurdish regions , only take it a region as a sample The research focuses on the geographical characteristics, In some cases, it wanted the method of narrative and describing to be used, climate and nature of the region, (natural and human factors) and the role of these factors in the reconstruction and development of villages, based on indigenous sources and scientific data.

The research consists of two main topics, an introduction, results and a list of sources. The first topic is a bout natural and geographical side, and the second one includes the human factors and dimension.

**Keywords** Villages, the western mountainous region, Natural causes, Human causes, development

## پێشەکی:

دانیشتوان ڕۆڵێکی بەرچاوی لە دارشتنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابوری کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەبوە، کە بەگشتی بەسەر (شارنشینان و دێنشینان)دا دابەشبون، بەتایبەتی گوندەکانی ڕۆژئاوای هەرێمی چیاکان وەك ناوچەیەکی کوردنشین، کە لە سەردەمی عەبباسیدا گرنگییەکی تایبەتی هەبوە، ئاوەدانی و دەوڵەمەندی و فرە بەرهەمی کشتوکاڵی و شوانکارەیی لە خەسڵەتە دیارەکانی بوە، کە بێگومان ئەمە بێ هۆکار نەبوە، لەبەرئەوە توێژینەوەکە تەرخانکراوە بە هۆکارەکانی ئاوەدانی و گەشەکردنی گوندەکانی ڕۆژئاوای هەرێمی چیاکان لەو سەردەمە مێژوییەدا.

ئەوەی تایبەتیشە بە گرنگی و بایەخی توێژینەوەکەش، ئەوا لێکۆڵینەوە بەگشتی لە هەر لایەنێکی ژیانی کۆمەڵایەتی و جڤاکی کۆمەڵگەی کوردەواری بایەخی زۆری هەیە، چونکە زۆربەی کات لایەنەکانی دیکەی ژیانی دەکەونە ژێر کاریگەری ئەم لایەنە و ڕەنگدانەوەی لەسەر دیاریکردنی سیمای ژیان و بار و گوزەرانی و چالاکی و تارادەیەک دابونەریتیشی دادەنێت، لەبەرئەوە گرنگی و بایەخی ئەم توێژینەوە لەوەدایە، کە تیشك دەخاتە سەر بەشێکی گرنگی پێکهاتەی دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکان، کە گوندنشین و وەرزێرانن، بەتایبەت گوندنشینی و گوندەواری کە سەرچاوەی ڕزق و ڕۆزی خەڵکی شار و شارنشینانبون.

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی بێلایەنانە لەسەر دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی ئاوەدانی و گەشەکردنی گوندەکان لە سنور و ماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکەدا، بە بەکارهێنانی سەرچاوەی ڕەسەن و ژێدەری زانستی تایبەتمەند، بەهیوای پڕکردنەوەی بۆشاییەکی بچوك لە مێژو و کتێبخانەی کوردی.

ئەوەی تایبەتیشە بە میتۆدی توێژینەوەکە، ئەوە پەیڕەو لە میتۆدی مێژویی شیکاری کراوە، سەرباری ئەوەی لە هەندێ بارودۆخدا خواستویەتی میتۆدی گێڕانەوە و وەسفیش پەیڕەو بکرێت، بەڵام بێگومان لێکۆڵینەوە لەم بابەتانە هەروائاسان و بێ گرێوگۆڵ نییە، لەڕاستیشدا لێکۆڵینەوە لە بارەی گوند کارێکی ئاسان نییە، چونکە کەمی ئاماژەی سەرچاوەکان بە ناو شوێن و ژیانی کۆمەڵایەتی گوندنشینان، گرفتێکی دیاری بەردەم کاری توێژەر بوە، تاوەکو بتوانین پێکهاتە و چوارچێوەی کارکردنی گوندەکان یان پێگەی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییان دەستنیشان بکەین، بەتایبەت کەمی ئاماژەی سەرچاوەکان بە کرۆکی بابەتەکە و ناوهێنانی گوند و ئاواییەکان، کە گرفتێکی توێژەر بوە لە دۆزینەوەی زانیاری لەمبارەیەوە، لەبەرئەوە هەندێجار پشت بە شیکردنەوەی ڕوداوەکان وگشتاندنی بارودۆخەکان بەستراوە، بەهەرحاڵ چەند لایەنێکی گرنگ وەك پرسی توێژینەوەکە گفتوگۆیان لەبارەوە کراوە، لەنمونەی ئەوانە، سروشتی ناوچەکە چۆن بوە؟ تا چەند کاریگەری لەسەر دروستکردنی گوند و گەشەکردنیان داناوە؟ پێکهاتەی خاك و ئاووهەوا و کاریگەری تا چەند لەسەر گەشەکردنی گوندەکان هەبوە؟ نیشانەو بەڵگەکانی گەشە کردنیان چیبون؟ تا چەند هۆکاری مرۆیی ڕۆڵی لە گەشەکردنی گوندەکان هەبوە؟ ئەمانە و وڵامی چەند پرسێکی دیکە شرۆڤە دەکرێن.

ئەوەی کە تایبەتیشە بە پێکهاتەی توێژینەوەکە: ئەوا پێکهاتوە لە شیکردنەوەی سەرچاوەکان و دەروازەیەکی سنوری جوگرافی هەرێمی ڕۆژئاوای چیاکان و ناساندنی چەمکی گوندە، کە دو تەوەر لەخۆدەگرێت تەوەرەی یەکەم هۆکارە سروشتییەکانی ئاوەدانی وگەشەکردنی گوندەکانە، تەوەرەی دوەم ڕەهەندە مرۆییەکانە، کە هۆکارەکانی تێدا شرۆڤەکراوە و باسکراون لەگەڵ ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان.

## شیکردنەوەی سەرچاوەکان:

بێگومان بۆ هەر توێژینەوەیەك بەپێی سروشتی توێژینەوەکە سود لە سەرچاوەی پێویست و ژێدەری زانستی تایبەتمەند وەردەگیرێت، بۆئەم توێژینەوەیەش زیاتر گەڕاوینەوە سەر سەرچاوەی گەڕیدە و وڵاتناسانی موسڵمان، بەهۆی سروشتی بابەتەکە و دەستکەوتنی زانیاری لەمجۆرە سەرچاوانەدا، کە هەریەکەیان بەپێی زانیارییەکانی ناو دوتوێی باسەکانیان سودیان بە توێژینەوەکە گەیاندوە، کە دەکرێت بەکورتی ئاماژە بە بەشێك لەوانە بکرێت، لە نمونەی کتێبی (المسالك و الممالك)ی (ابن خرداذبة 280ك/ 893ز) کە زانیاری گرنگی لەسەر سروشتی ناوچەکە و شار و ڕێگاوبانەکانی هەرێمەکە باسکردوە، هەروەها لە ناساندنی شار و گوندەکانی هەرێمی چیادا سودمان وەرگرتوە لە (معجم البلدان)ی (یاقوت الحموی ت626ك/ 1229ز)، کە زۆر بە پوختی ئاماژەی بە شار و گوندەکانی هەرێمی چیا دەکات، جگەلە سەرچاوەی مێژویی گشتی لە نمونەی کتێبی (تجارب الامم)ی (مسکویه ت421ك/ 1030ز)، کە

هاوسەردەمی بەشێکی ڕوداوەکان و ئاگادار بە ڕوداوەکان بوە، بەتایبەتی باس لە فەتحکردنی شاروناوچەکانی هەرێمی چیا دەکات، جگەلە چەند ژێدەرێکی زانستی و تایبەتمەند لەسەر هەرێمەکە، کە سودی زۆریان بە توێژینەوەکە گەیاندوە لە نمونەی (شارەزور و لورستانی باکور)ی (حسام الدين نەقشبەندی)، کە ئاماژەی بە شار و گوندەکانی هەرێمی چیا وپێکهاتە و دابونەریتی کۆمەڵایەتی ناوچەکە و فەرمانڕەوا خۆجێییەکانی سەردەمی دەسەڵاتی عەباسی باس دەکات، هەروەها (کۆمەڵگای کوردەواری لەسەدەکانی ناوەڕاستدا)ی (زرار صديق توفيق)، کە ئاماژە بە ژیانی کۆمەڵگای دانیشتوان و فەرمانڕەوا خۆجێییەکانی هەرێمی چیا دەکات، لەسەردەمی دەسەڵاتی ئیسلام تا کۆتایی خیلافەتی عەباسی.

## دەروازە: سنوری جوگرافی ڕۆژئاوای هەرێمی چیاکان:

ئەگەرچی لە توێژینەوە و ژێدەری دیکەدا پێشتر قسە لەسەر ناساندنی ئەم هەرێمە کراوە (میرزا، ١٩٩٥، ٢٦)، بەڵام وەك بەرچاوڕونی لەسەر جوگرافیا و سروشتی پانتایی سنوری توێژینەوەکە ناچارین بەکورتی ئاماژەی پێ بکەین، بەکارهێنانی زاراوەی ڕۆژئاوای هەرێمی چیاکان[i]، کە دەگەڕێتەوە بۆ بونی ناوچەی شاخاوی سەخت و بەرز لە ناوچەکەدا، هەربۆیە ئەو ناوەی بەسەردا براوە (الاصطخری، 2004، 115؛ ابن حوقل، 1992، 304)، کە لە سروشتی ناوچەکە وەرگیراوە، هەروەها لەسەردەمی پێش ئیسلامدا بە (قهستان) ناوبراوە (القزويني، 1960، 341؛ محمد، 1994، 14)، هەروەها لەسەردەمی سەلجوقییەکاندا بە عێراقی عەجەمی ناوی هاتوە (کی لسترنج، 1985، 220) بەتایبەت بەشی ڕۆژئاواکەی.

بەو پێیەی ژمارەیەکی زۆری لە دانیشتوانی شار و گوندی جیاواز لەخۆگرتوە، هەندێک لە توێژەرانی نوێش درێژەیان بە ناساندنی هەرێمەکە داوە، بەتایبەت لە سروشتی ناوچەکەیان کۆڵیوەتەوە، ناوچەی شاخاوی و چیای بەرز و سەختی ناوچەکەیان وەسفکردوە، کە وەک خاڵی جیاکەرەوە لەگەڵ زۆر ناوچەی دیکە ئاماژەیان بۆ کردوە (محمد، 1994، 14؛ تونی، 1977، 38).

پێگەی جوگرافی هەرێمی چیاکان ئەو هەرێمە شاخاوییە پان و بەرینە دەگرێتەوە، کە لە دەشتەکانی عێراق عەرەبییەوە و جەزیرە لە ڕۆژئاواوە درێژبۆتەوە تا دەگاتە ناوچەی خوی و فارس و ئەسفەهان لە ڕۆژهەڵات، کە هەمو ئەو ناوچانە بە ناوچەی شاخاوی ناوبراون (یاقوت الحموی، 1995، 99/2؛ لسترنج، 1985، 220)، کە کۆمەڵێک ناوچەی زۆر گرنگی لەخۆگرتوە، ئەوانیش پێکدێن لە (دەریای خەزەر و دەیلەم  و ڕەی و قەزوین لە باکور، عێراق و خوزستان لە باشور (الاصطخری، 2004، 195؛ ابن حوقل، 1992، 304، القزوينی، 1960م، 341)، بەشێک لە هەرێمی فارس لە ڕۆژهەڵات، پارێزگای خۆراسان و ئازربیجان لە ڕۆژئاوا، بەمشێوەیە دەردەکەوێت، کە ئەم هەرێمە وەك ناوچەیەکی گرنگ وابوە، کە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئیسلامی بەیەکەوە بەستۆتەوە (ابن حوقل، 1992، 321؛ میرزا، ١٩٩٥، ٢٧).

هەرچی ڕۆئاوای هەرێمی چیاکانیشە، بەگشتی ئەو ناوچانەی گرتۆتەوە، کە کەوتونەتە ڕۆژئاوای دەریای خەزەر و لە ڕۆژهەڵاتیان خۆراسان و هەرێمی فارس و ئەصفهان بوە، کورەی شارەزور و عێراقی عەرەبی و جزیرە لە ڕۆژاوایەوە بوە، باشوری هەرێمەکەش خوزستان (اهواز)و بەشێکی دیکەی عێراقی عەرەبی بوە  (المقدسي، 1991، 291؛ محمد، 1994، 16)، کە هەرێمی شاخاوی و سەرچاوەی ئاو  و ڕوەك وکشتوکاڵی زۆر و خاکی بەپیت و  پڕ جموجۆڵی دانیشتوان بوە، چەند شار و شارەدێ و ئاوایی زۆری لەخۆگرتوە، لە نمونەی شارەکانی وەك (همدان و زنجان و شهرزور و الدينور و نهاوند و صيمره و حلوان و سنندج چەندانی دیکە  (الاصطخري، 2004، 195؛ نەقشبەندی، 2008، 44)، سنوری ئەو ناوچانە بەلای توێژەرانی نوێوە و سنوری ناوچە کوردنشینەکانی (ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستانی

ئێســـتایان گرتۆتەوە)، کە ناوچەیەکی دەوڵەمەند و ســـەرچاوەی ئاو و ڕوبار و ئاوەدانی و زەوی بەپیتی زۆر بوە (نەقشبەندی، 2008، 32-33)، کە لەسەردەمێکدا سنوری قەڵەمڕەوی میرنشینی حسنویهی (348- 406ك/ 959-1015ز) و میرنشینی عەنازی (381-511ك/ 998-1117ز) بوە، ئیدی ناوچەکە لەژێر قەڵەمڕەوی ئەواندا گۆڕانکاری زۆری بەخۆوە بینیوە.

بێگومان هۆکاری جیاواز لە پشت ئاوەدانی و گەشەکردنی ژیانی گوندنشینی و وەرزێرانەوە لە ناوچە کوردنشینەکان بەگشتی و بەتایبەت ڕۆژئاوای هەرێمی چیاکانەوە هەبون، کە بەشێکیان سروشتی و جوگرافی و بەشێکیشیان مرۆیی بون، هەر بۆیە لەم دو ڕەهەندەوە شرۆڤەی بابەتەکە دەکرێت و تیشك دەخرێتە سەر ئاستی ئاوەدانی گەشەکردنی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری کاری وەرزێری، سەرەتاش ناساندنێکی کورتی چەمکی گوند بە پێویست دەزانرێت.

## 1-1/ناساندنی چەمکی گوند (دێهات):

ئەگەرچی زاراوەی (گوند) وەک چەمکێکی تەواو کوردی، کە بۆ هەمان مەبەســـت لە ئێســـتادا بەکاردێت، لە ســـەرچاوەکانی مێژویی ئیســـلامیدا بە ڕەهایی نەهاتوە، بەڵام هاوشـــێوە و مەبەســـتەکانی ئەوە دەردەخات، لەبەرئەوە ناســـاندنی بەکورتی پێویســـتە، لە ڕوی زمانەوانییەوە چەمکی گوند لە فەرهەنگی کوردیدا بە چەند شـێوەزار و دیالێکتی جیاواز ناسێندراوە، وەکو (ڕوست – ڕوستاق) (باستانی راد، 1387، 66)، (گوند، لادێ، ئاوایی، دێ، دەگ)، وشەی گوند بە مانای شوێنی نیشتەجێبون و کۆبونەوەی دانیشتوان لەدەورەی یەکدی هاتوە (مەردۆخی، 1388ھ، 2/491-492؛ نجمان و توفیق، 2022، 169)، بەڵام وشەی ئاوایی بەمانای ئاوەدانی دێت، واتە ئەو شوێنانەی کە کەوتونەتە دەوروبەری شارەکان (موکریانی، 1999، 469)، کە لە مێژوی ئیسلامیدا بە (اعمال مدینة) هاتون، وەک شارۆچکە و ئاوایی و گوند (یاقوت الحموی، ١٩٩٥، ١/ ٣٦-٣٨)، هەروەك دیارە کە وشـــەی گوند بە مانای ئاوەدانی دێت لە هەندێك دیالێکتی ناوچەییدا پێشی دەوترێت دێهات (نانەوازادە، 2005، 25)، دێهات بە هەمو ئەو کۆمەڵە خانوانە دەوترێت، کە لەدەرەوەی سنوری شار و یەکە کارگێڕییەکاندان کە دابەشبونی جوگرافیان پانتاییەکی گرنگ لە جوگرافیای نیشتەجێبونی دێهات دەگرێتەوە (احمد، 151،2018).

لە فەرهەنگی عەرەبیشـــدا (القصـــبة - القرية) بۆ گوند بەکارهاتوە (ابن منظور، 1414ھ، 1/ 677)، عەرەبەکان بۆ ئاوەدانیەك (گوند)، کە خانوەکانی لە قوڕ و خشـــت دروســـتکرابا پێیاندەوت (المدرة)یان گوند (الفارابي، 1987، 2/ 812)، هەروەها بەو گوندانەی، کە لە نزیك شـــارەکان هەڵکەوتون پێیانگوتراوە (الريف) (ابن منظور، 1414ھ، 8/ 96)، یاخود ئەو شـوێنەیە کە ئاوەدانی و ئاو و زەوی کشتوکاڵی لێبێت و بەپیت و بەرەکەت بێت (الفارابي، 1987، 4/ 1367؛ ابن منظور،1414ھ، 9/ 128)، گوندنشینانیش لەسەرچاوە عەرەبیەکاندا بە (الرعية و الفلاح و أهل السواد)، لەئەدەبی کوردیشدا بە (گوندنشین و گۆران) ناوزەندکراون (توفیق، 2014، 63).

لە سەرچاوەی وڵاتناسە موسڵمانەکاندا بەچەند دەربڕینێك گوزارشتیان لە گوند کردوە، ئەوانیش بریتیبون لە (رستاق و قرية"و آباد)، رستاق بۆ ناوچە ی جوتیاری و ناوچە ی نیشتەجێبونی دانیشتوانی دێ بەکارهاتوە، لە ڕوی قەبارەوە لە قريە (لادێ) زۆر گەورەتر بوە و هەندێك لە دێیەکان ژمارەیەکی زور گوندییان لەخۆگرتوە، واتە هەر رســـتاقێك لە چەندین گوند پێکهاتوە (ياقوت الحموي، 1995، 1/ 38)، ئەگەر ســـەرنجیش لە (معجم البلدان) بدەین بە نمونە زیاتر (قرية)ی بۆ ئەو مەبەستە بەکارهێناوە، مانای (قريە)ش تاڕادەیەکی زۆر هاوشـێوەی مانای (رسـتاق) بوە، واتە بۆ ئاماژەکردن بە شـــوێنی نیشـــتەجێبون و شـــوێن کاری وەرزێری و بەروبومی دار و درەخت، بەڵام لە ڕوی قەبارەوە قريە (لادێ) لە ڕستاق (دێ) بچوکتر بوە .

نمونەی هەندێک لەو رستاق و گوندانەی هەرێمی ڕۆژئاوای چیاکان:

1- (جوهستە لە همدان)، 2- (کرج لە دینور)، 3- (دیرالغادر لە حلوان)، 4- (الدیناری لە استراباذ)، 5- (نضیراباذ لە قزوین)، 6- (کیش لە جورجان)، 7- (الدونقی لە نهاوند)، 8- (زەڵم لەشارەزور)، 9- (ابا ایوب لە نێوان قرمسین وهمدان)، 10- (الماهیان لە مرو)، 11- (حدران لەنێوان شارەزور و مەراغە)، 12- (ماربین لە اصبهان)، 13-(کرکان لە قرمسین)، 14- (زینواباد لەهمدان)، 15- (کنخواست لەنهاوند) (ابن خرداذبة، 1889، 20-21).

هەرچی تایبەتە بە دانیشتوانی گوند و ئاواییەکان بەپێی سروشت و تایبەتمەندی سروشتی و جوگرافی و هەڵکەوتەیان هەریەکەیان بایەخ و گرنگی خۆیان هەبوە، لەلایەکی دیکەشەوە مەرج نەبوە لەژێر کاریگەری هۆکارەکان یان هۆکارێکی تایبەت وەکو یەك گەشەیان کردبێت و بوژابنەوە، کە بەگشتی دەبنە جێی قسە لەسەر کردن.

## 2-1: هۆکارەکانی ئاوەدانی و گەشەکردنی گوندەکان:

## تەوەرەی یەکەم: هۆکاری سروشتی و جوگرافی (هەڵکەوتەی جوگرافی ڕۆژئاوای هەرێمی چیاکان):

هۆکارە سروشتییەکان بە کۆی ڕەهەندە جیاوازیەکانیانەوە (لە هەڵکەوتەی جوگرافی و بەرزی و نزمی و پێکهاتەی خاك و ئاووهەواو و ڕوەك و سامانی سروشتی) کاریگەری زۆر دەکەنە سەر ڕوداوەکان، ئاستی ئاوەدانی و گەشەی ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی تارادەی ئەوەی ئەو هۆکارانە بۆ هەڵبژاردنی ئاوەدانییەکان بە بنەما گیراون (ابن خلدون، 2016، 2/ 36-37)، پرۆسەی گەشەکردن و گۆڕانکاری خێراتر دەکەن، بەبێ لەبەرچاوگرتنی هۆکارە سروشتییەکان ئاستی ئاوەدانی و ژیانکردن کارێکی ئەستەم بوە، لەم بارەیەشەوە پێگە و شوێن (الموضوع و والموقع) ڕۆڵی گرنگی وەك چۆن لە دیاریکردنی شوێنی شاردا بینیوە، بەهەمان شێوەش ئەمە بۆ ئاوەدانی و گوند و ئاواییەکانیش ڕۆڵ و کاریگەریان هەبوە، بەتایبەت شوێن، کە بەمانای ئەو پانتاییە زەوییەیە، کە ئاوەندانیەکەی لەسەر بنیاتنراوە، کە بەپێی هەڵکەوتەی جوگرافی خاوەنی خەسڵەتی تایبەتی خۆیەتی (الهیتي و حسن، 1986، 10)، دیارە لەم ڕوانگەیەشەوە هەڵکەوتەی ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژئاوایی هەرێمی چیاکان وەك هۆکارێکی جوگرافی کاریگەری فرەڕەهەندیان لەسەرە تەنانەت هەڵبژاردنی شوێنی گوندەکان و گەشەکردنیان، کە بەکورتی دەخرێتەڕو.

### 2 -1/ سروشت و ئاووهەوا:

بەگشتی هەڵکەوتەی ناوچەکانی ڕۆژئاوای هەرێمی چیاکان هەر وەك لە ناوەکەیەوە ناسراوە، ناوچەگەلێکی شاخاوی و سروشتێکی دەوڵەمەندی سەرچاوەی ئاوی باران و بەفر و ڕوەکی سروشتی زۆری لەخۆگرتوە، ئەم هەرێمە لە وەرزی زستاندا بە بەفر سپی پۆش بوە و ئاووهەواکەی زۆر ساردبوە، هەروەك سەرچاوەی وڵاتناسان وەسفیان کردوە، کە ناوچەکانی ئەم هەرێمە لە وەرزی زستاندا سارد و بەفر و بارانی زۆری لێباریوە، ڕێگاکانی بە بەفر داپۆشراوە و سەرچاوەی ئاو و کانیاوی زۆر بوە (المقدسي، 1991، 293؛ یاقوت الحموي، 1995، 413/5)، هەروەها لە وەرزی هاویندا ئاووهەوای ناوچەکە فێنك و لەباربوە، بە جۆرێك (القزویني) ئاماژەی بەوەدا، کە شارەکانی هەرێمەکە خاوەنی ئاووهەوایەکی فێنك و لەبار و بە باخچە و بەروبومی میوەی جۆربەجۆر بەناوبانگبون القزویني (1431ھ، 341)، ئەمەو بونی دەیان سەرچاوەی ئاوی کانی و ڕوبار و پێدا تێپەربونیان بە دەڤەر و ناوچە جیاوازەکانی هەرێمەکەدا، هێندەیتر بایەخی سروشتی ناوچەکەی زیادکردوە، لە نمونە ڕوباری وەك (سامغان، سیروان، حلوان) کە پێدەشت و زەوییە بەپیتەکانی زۆرێك لەشار و ئاواییەکانی بەراوکردوە (الیعقوبي، 1422ھ، 218؛ نەقشبەندی، 2008، 36)، ڕوباری (قرەصو)ش بەناو دەشتەکانی (مایدشت)، کە کەوتبوە سنوری خانەقین (یاقوت الحموي، 1995، 5/ 50؛ میرزا،

1995، 29)، خاوەنی کێڵگە و زەوی بەپیتی زۆر بوە، زیاتر لە پەنجا گوندی دەڤەرەکەی بەراوکردوە، دەشتی (لیشتر-ئەلیشتەر) کە کەوتبوە نێوان نهاوند و همدان ئەویش لە چەندین گوند و کێڵگەی لەخۆگرتوە، کە ڕوباری کاشکان بەراوی کردوە (ياقوت الحموي، 1995، 196/1؛ نەقشبەندی، 2008، 419)، ئەمانەو چەندان نمونەی دیکە، بێگومان هەڵکەوتەی سروشتی ناوچەکە هەلی زۆری بۆ بواری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری ڕەخساندوە، کە سەرچاوەیەکی گرنگ و سەرەکی دێنشینانبوە، بەجۆرێك بەروبومی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریش وەك پێویستییەکی حەتمی بژێوی و سەرچاوەکانی لەوەڕگا و دار و درەخت و بەئاسانی بەردەستبونیان لەلایەن خەڵکەوە بەمەرج گیراوە بۆ ئاوەدانی (ابن ابي الربيع، 1983، 420/2)، ئەوەی جێی ئاماژەشە دەوڵەمەندی ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژئاوای هەرێمی چیاکانە بەو سەرچاوانە، لە گونجاوی ئاووهەوا و سەرچاوەی ئاوی باران و سەرزەوی کە ژیانێکی ئابوری و شایستەی بۆ دانیشتوان بەتایبەت گوند و ئاواییەکان فەراهەمکردوە، نەخاسمە دیمەنێکی جوان و دڵڕفێنی سروشتی بە ناوچەکە بەخشیوە، کە بۆتە مایەی ژینگەیەکی پاك و بێوەیی کە مەرجن بۆ گەشەکردن و ئاوەدانی و خۆشی ژیان و تەندروستییەکی باش، بەجۆرێك گەڕیدەیەك لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ئەو دەڤەر و ناوچانەی بە (مصائف الاكراد) ناوبردوە (ابن حوقل، 1992، 2/ 358)، تا کاریگەری لەسەر ئاستی کەمبونەوەی ڕێژەی مردن و زۆری لەدایکبون و وەچەنانەوە هەبوە، ڕەنگە هەرئەمەش هۆکاری زۆری و قەرەباڵغی ناوچەکە بوە بە دانیشتوان و زۆری و گەورەی خێڵ و هۆزەکانی کورد، کە بە ئاوایی و گوندەکاندا بڵاوبونەوە (المسعودي، 2005، 1/ 218)، هەر بۆ نمونە گەڕیدەیەك قەبارەی دانیشتوانی شارەزور و گوند و ئاواییەکانی بە شەست هەزار ماڵ مەزەندەکردوە (الخزرجي، 1960، 18)، ئەگەر زیادەڕۆیش لەم خەمڵاندنەدا کرابێت، هێشتا لەسەر زۆری ڕێژەی دانیشتوان بەڵگەیەکی دیارە، ئەوە سەرباری پێکهاتە و ڕەگەزی دیکە جگە لە کورد، کە لە ناوچەکە نیشتەجێبون (محمد، 1994، 74).

هەرلەو چوارچێوەیەدا هۆکاری سروشتی و ئاووهەواش بەڕەگەزێکی گرنگ دادەنرێت و کاریگەری لەسەر نیشتەجێبونی مرۆڤ و ئاوەدانکردنەوەی گوند و شارەکان هەبوە، دانیشتوانی ئەو هەرێمەش بەگشتی و گوندنشینان بەتایبەتی گرنگی زۆریان بە گونجاوی ئەم هۆکارە داوە لە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکاندا، چونکە سەرچاوەی بژێوی وئابوریيان پەیوەست بوە بەم ڕەگەزەوە، بەشێوەیەکی گشتی ئاووهەوای ناوچەکە بەو جۆرە ناسراوە، کە لە مێژوی نوێشدا بە ئاووهەوای دەریای ناوەڕاست ناوبراوە، ئەمەش بەهۆی ئەو تایبەتمەندییەی هەیبوە، کە هەمان تایبەتمەندی دەریای ناوەڕاستە، زستانی سارد و باراناوییە و لوتکە چیاکانی بە بەفر دادەپۆشرێت، بڕی بارانی ساڵانەی لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێکی دیکە و لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاوازبوە، ناوچە کوێستانەکانی باکوری هەرێمی چیاکان بڕی بارانی ساڵانەیان لەنێوان (400-1000ملم) و ناوچەکانی باشوری هەرێمەکە بڕی بارانی ساڵانەی لەنێوان (200-400ملم) دابوە، وەرزی هاوینی گەرم و وشکە، کەش و هەوای دو وەرزەکانی تری فێنك و مام ناوەندبون (السعدي، 2017، 39؛ نجمان و توفيق، 2022، 173؛ ميرزا، 1995، 31).

هەر ئەمەش وایکردوە، کە سروشتی ناوچە شاخاوییەکانی هەرێمەکە بە زەوییە هەمەچەشنەکەیەوە دەرفەت بۆ بونی لەوەڕگا بڕەخسێنێت، کە پەیوەستن بە بونی زەوییەکی گونجاو بۆ ڕوەك، بارودۆخی کەشوهەوای گونجاو و سەرچاوەی ئاوی پێویست بۆ گەشەکردنی گیا و هەمو ئەم هۆکارانە لە زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژئاوای هەرێمی چیاکاندا بەردەستبوە، بونی ئەم لەوەڕگە زۆرانەش لە بەرامبەردا بۆتە هۆی بونی سامانێکی ئاژەڵی گەورە و هەمەچەشنە و زەوی و زاری بەپیت (المقدسي، 1991، 384؛ القزويني، 1431، 341)، بەگشتی ناوچەکانی نێوان هەمەدان تا شارەزور، دەوڵەمەندبون بە دەشت و پاوان، زەویەکەی بەپیت و گونجاو بوە بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵ لەوەڕاندن (الكطراني، 2021،

134)، لە وەسـفی شـار و گوندەکانی هەرێمەکەدا (العفيفي) دەڵێت:" ئاووهەوای ناوچەکە زۆر لەبارە بۆ کشـتوکاڵ و باخداری، کە دانیشتوانەکەی بە کاری باخداری و بەرهەمهێنانی ئاوریشم و گەنم و جۆ وبەرهەمەکانی دیکەی دانەوێڵە و بەرهەمە باخدارییەکان خەریکبون، دەوڵەمەندی بە جۆرەها بەروبوم وایکردوە بەرهەمەکانیان هەناردەی ناوچەو شارەکان بکەن و بازرگانیان پێوەکردوە" (2000، 385).

بێگومان ئەو هۆکارە بەیەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی نیشـتەجێبونی خەڵك و ئاواکردنی گوند و گەشـەکردنیان دادەنرێت، ڕەنگە هەرئەمە هۆکارێك بوبێت، کە وای کردوە مێژویەکی دێرین لە گێرسـانەوەی مرۆڤدا لەو ناوچانەدا هەبوبێت، ناوچەکانی هەرێمی چیاکانیش مەڵبەندی نیشتەجێبونی مرۆڤ سەرەتاییەکان بوە، بەهۆی جێگیربونی مرۆڤە سـەرەتاییەکان (باقر و اخرون، 1987، 174)، لەوەرگاکانی ڕۆژئاوای هەرێمی چیاکان بونە مەڵبەندی ئاوەدانی و ناوچەیەکی گونجاو بۆ دروسـتکردنی چەندین گوند، هەتا لەبەر گرنگی سروشـت و هەڵکەوتەی ناوچەکە گوندی وا هەبوە ئەوەندە گەشـەیکردوە و قەرەباڵغ بوە بۆتە ناوەندێکی شـار بۆ نمونە (بروجرد)، کە سـەرەتا گوند بو دواتر وردەوردە گەشـەیکردوە و بۆتە ناوەندێکی شـار (نەقشـبەندی، 2008، 46)، لەباسکردنی زۆرێك لە ناوەندەکانی شـارو شـارەدێیەکان ئاماژە بەوە کراوە، کە هەریەکەیان خاوەنی چەند گوند و ڕسـاتیقێکیش بون (ابن حوقل، 1992، 360، 363)، کە لەبەر درێژنەبونەوەی بابەتەکە ناتوانین ناویانبێنین[ii].

## 2-2: هەڵکەوتەی جوگرافی:

لە ڕاسـتیدا بەگشـتی ناوچە کوردنشـینەکان بە هۆی ئەو پێگە گرنگە جوگرافییەی کە هەیانبوە، بە درێژایی قۆناغەکانی مێژو لە بایەخ نەکەوتون و بایەخ و گرنگی خۆیان پاراسـتوە، تاڕادەی ئەوەی هەندێ ناوچەی کورد بە پردی پەیوەندی نێوان ناوچەکانی دیکە ناوبراون (المقدسي، 1991، 136)، لەوانەش ناوچەکانی ڕۆژئاوای هەرێمی چیاکان، کە خاوەنی هەڵکەوتە و پێگەیەکی جوگرافی گرنگبوە، ئەم هەڵکەوتەشی لە چەند لایەنێکەوە کاریگەرییەکەی دەرکەوتوە، بۆ نمونە هەڵکەوتەیان بەپێی سنورەکانی دەوروبەری، پێدا تێپەڕبونی ڕێگا و بەیەکەوە بەستنەوەی ناوچەکان، کە بایەخی ئابوری و هاموشـۆی ئاسـانتر و باشـتر کردوە، هەروەك چۆن ناوچەکە وەك پردی پەیوەندی بەیەکەوە بەسـتنەوەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسـلامی و بەغدای پایتەختی خیلافەتی عەبباسی وابوە، بەهۆی پێداتێپەڕبونی چەند ڕێگایەك بۆ بەیەکەوە بەسـتنەوەی ناوچەکان، لەسـەروی هەموشـیانەوە ڕێگای (خوراسـانی گەورە) کە تبریز و همدان وبەغدای بەیەکەوە بەستۆتەوە، سەرباری ئەو شار و شارۆچکە و گوند و ئاوایانەی کە پێیدا ڕەتبوە (الادريسي، 2002، 1/ 415؛ الحديثي، 1991، 5)، نەك هەرئەوەش چەند ڕێگا و دەروازەیەکی دیکە هەبون بۆ بەیەکەوە بەسـتنەوەی شـار و ئاواییەکی ناوخۆی خودی هەرێمەکە و دەوڵەمەندییان بە بەروبومی هەمەچەشـنە (ابن خرداذبة، 1889، 21، 41؛ مجهول، 1423هـ، 151)، لەڕوی جوگرافی مرۆیشـەوە چەندە پەیوەندی شـار و گوندو ناوچەکان زیاتر و ئاسـانتر بێت ئەوەندە یارمەتیدەرە بۆ فراوانبون و گەشـەکردن، هەروەها چەندە ئاوایی و گوندەکان بە تۆڕە جیاوازەکانی ناوچەکانی دەوروبەریانەوە ببەسـترێنەوە، زیاتر هەلی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕییان لەبەردەمدا کراوە دەبێت، ئیدی هەڵکەوتەی شـوێنی جوگرافی و سـامانی زۆر و بونی دەیان ڕێگا و تولە ڕێگا دەرفەتی گەیاندنی بەرهەمەکانیان بە شـارەکان و دەوروبەر زیاتر بۆ ڕەخسـاوە، بەتایبەت ناوچە سـەختەکانی سـنوری توێژینەوە، ئەگەر ڕێگا و دەروازی نەبوبێت بۆ هاتوچۆ و ئاڵوگۆڕ بەمشـێوەی کە ئاماژەی بۆکراوە ئەوا گەشـەی نەدەکرد و فراوان نەدەبو، لەبەرئەوە ئەو ناوچانەی ڕێگای زیاتریان پێدا تێپەڕبون باشـتر و خێراتر گەشـەیان کردوە، هۆکارێکیش بوە کە بەروبوم و بەرهەمە دەسـتییەکانیان ئاسـانتر بگەیەننە

بازاڕی شــارەکان بۆ ســاغکردنەوە، چونکە ئەوەی ڕون و ئاشــکرایە، گوندەکان وەك ســفرەی ڕازاوەی شــار هاتونە هەژمارکردن، کە هەمو خەڵك پێویستی پێیان هەبوە (ابن ابي الربيع، 1983، 414/2).

لایەنێکی دیکەی جوگرافی و کاریگەری لەسەر ئاستی ئاوەدانی و گەشەکردنیان، لە ڕوانگەی شوێن و پێگە و نزیکیان لە شــارەکانیش ڕۆڵی خۆی لەم نێوەندەدا بینیوە، بەتایبەت ئەو ئاوەدانیانەی، کە لای گەریدە و وڵاتناســان بە (اعمال مدينة) ناسراون، کە بۆ شــارەکان ســەرچاوەی بەروبوم بون، بۆ نمونە دەوروبەر و ناوچەکانی ســەر بە شــاری حلوان و قرمسـین و الدینور، کە داهاتی باشیان هەبوە (ياقوت الحموي، 1995، 1/36-38) (اليعقوبي،1422هـ، 76؛ یاسـین، 2013، 21)، یاخود ناوچەکانی شـــارەزور و ئاواییەکانی دەوروبەری کە بەزەوي و زاری زۆر و ئاوایی وگوندی زۆر کە دانیشـــتوانی هەمو کوردبون، کە موڵك و زێدی چەند خێڵی دیاری گەورە لە نمونە (گەلاڵی و الباســـيان والحكمية والســـولية) بوە، کە بێگومان هەڵکەوتە و شـــوێنەکەی هۆکارێکی دیاری ئاوەدانی بوە (ياقوت الحموي، 1995، 3/ 375)، ئەوە سـەرباری ئاوایی و ئەعمالەکانی سـەر بەشـاری همدان، کە سـەرباری ئاوەدانی و قەرەباڵغیان سـنوری پێدا تێپەبونی کاروانەکان و ســەرە ڕێگای کاروانی حاجیانی ڕۆژهەڵاتی ئیســلامی بوە و بەو ناوچانەدا تێپەڕیبون (الاصــطخري، 2004، 199؛ الدوسكي، 2006، 44)، (الاصطخري)یش ئاماژەی بە وەکردوە، کە هەر لە سنوری عێراقەوە تا سنوری چیاکان گوند و ئاوایی زۆری تێدایە، کە لەوەڕگا و شوێنی نیشتەجێبونی کورد و عەرەبیشی. تێدا ژیاون و دەستیان بەسەردا گرتوە (2004، 87)، (سـيسر_)، کە (ابن الفقه) بە (صـدخانيه) ناویبردوە، بە زێد و لەوەڕگای کوردەکانی داناوە، لەبەر زۆری کانیاوەکان ئەو ناوەی لێنراوە (1996، 495).

لە ڕاستیدا هەڵکەوتە و سروشتی ناوچەکە کاریگەری لەسەر سەلامەتی و پاراستنی گوندەکان لە مەترسی هێرش و پەلاماری دەرەکی هەبوە، چونکە زۆرجار ئەم ناوچانە کەوتونەتە بەر شـــاڵاوی هێز و لایەنە شـــەڕکەرەکان[iii]، وەکو هەڵبژاردنی پێگەی گوند لەناو چیاکاندا، کاتێك ڕوبەڕوی هەر مەترســـیەك دەبونەوە گوندنشـــینان لەناو چیاکاندا دەیانتوانی خۆیان پەنابدەن، تاڕادەی ئەوەی وەك پەناگەی ســەربازیش ســودیان لێوەرگیراوە (نجمان و توفيق، 2022، 177)، چ جای ئەوەی بونە شـوێنی پشـودانی کاربەدەسـتانی باڵا، (مرج القلعة)ی شـارەزور نمونەیەکە لەوانە (ياقوت الحموي، 1995، 101/5)، هەروەها گوند یان شـــارەدێی (بير) لە ناوچەی چیاکانی شـــارەزور، کە بەهۆی ســـەختی ناوچەی جوگرافییەوە خاوەن پەناگەیەکی بەهێزبون بۆ ڕوبەڕوبونەوەی نەیارانیان، لەکاتی دەرکەوتنی فتوحاتی ئیســـلام لە ناوچەکانی کوردستان دانیشتوانی ئەم گوندانە بەرەنگاری عەرەبە موسوڵمانەکان بونەتەوە، بەمشێوەیە ئەم گوندانە فەتح نەکران، بەڵام دانیشتوانەکەی بە خواستی خۆیان دوای تەواوبونی پرۆسەی فتوحات مسوڵمان بون (الخزرجي، 1960، 59-60؛ ياقوت الحموي، 1995، 3/ 375)، هەرناوچە ســـەخت و چیاکان بونە هۆکارێك لە هۆکارەکانی خۆپارێزی لە ڕەشەکوژی و تاڵانچییەتی غوز و سەلجوقییە تورکەکان، کاتێك هەر لە سەرەتای سەدەی (5ك/11ز)یەوە کەوتنە پەلاماردان و هێرشـکردنە سـەر ناوچە کوردنشـینەکان (ابن الاثير، 2006، 7/ 722، 8/ 52، 57)، هەر ناوچە ســەخت و چیاکانیشــبون کە وەکو پەناگە لەترسی ڕەشـــەکوژی مەغولەکان زۆرجار خەڵك پەنای بۆ بردون، ئەگەرچی زۆرجار ڕقی خۆیان بە گوندییان ڕشتوە و کەوتونە ویزەی خەڵکی بێ دەرەتان (توفيق، 2014، 65)، بەهەرحاڵ سروشتی ناوچەکە بە درێژایی مێژووەك پەناگەیەك وابوە بۆ کورد تاکو ئەمڕۆش کە لە لەناوچون پاراستویەتی.

بەهەرحاڵ ئەوەی لەمبارەیەوە بەکورتی خرایەڕو، بێگومان ڕۆڵ و کاریگەری دیار و ســـەرەکی لە ئاواکردن و گەشـەکردنی ئاوەدانییەکانی هەرێمەکەدا هەبوە، بەڵام شـوێن و جوگرافیا و سروشـتی پڕخێروبێری ناوچەکەش بە تەنها هۆکاری ئەو گەشەکردنە نەبون، بەڵکو ڕەهەند ولایەنێکی دیکە پەیوەندی بە ئاستی سودلێوەرگرتن و بارودۆخی سیاسی

و ئاسـتی هۆشـیاری كۆمەڵگەش ڕۆڵ وكاریگەری خۆیان بینیوە، كە ئەمانەش لە چوارچێوە هۆكارە مرۆییەكان بەكورتی دەیانخەینەڕو.

## تەوەرەی دوەم: ڕەهەندی مرۆیی:

لەڕاسـتیدا ئاسـتی ئاوەدانی و گەشـەكەكردنی ئاوەدانییەكان تەنها بە هۆكارە سروشـتییەكانەوە پەیوەسـت نین، بەڵكو ئاسـتی سـودوەرگرتن لە هۆكارە سروشتییەكان و زەوي و زار و بەپێتی خاك تارادەیەكی زۆرپەیوەندی بە ئاستی هۆشیاری وكاری دەستی مرۆڤەوە هەیە، بۆیە هۆكارە مرۆییەكان بە بزوێنەری چالاكییەكان و پێشخستنی شارستانییەوە دادەنرێن، بەمەش هۆكارە مرۆییەكان ڕۆڵی دیاریان لە بزوتنەوەی ئاوەدانی و گەشـــەكردنی گوندەكاندا بینیوە، كە لەم تەوەرەدا لە چەند لایەنێكەوە قسەیان لەسەر دەكرێت.

## 2 -1/ هۆكاری كۆمەڵایەتی:

دیارە هۆكارە سروشـتییەكان بە گشـت ڕەگەزەكانییەوە وەك ئاماژەكرا، كاریگەری گرنگیان لەسـەر ڕەوتی ڕوداوەكان و ژیانی كۆمەڵایەتی مرۆڤ بەدرێژایی مێژو داناوە، هەروەك (ابن خلدون) ئاماژەی پێكردوە، كە سروشـــتی ژیانی هەمو پێكهاتە و نەتەوەكانیش بەپێی هەلومەرجە سروشـــتییەكەیەتی (موقەدیمە، 2016، 1/ 341)، هەتا (المســـعودي) بەتایبەت ئاماژەی بە كاریگەری سروشـتی چیاكان لەســەر كورد كردوە (2005، 2/ 105)، ئەمانەش سـەرباری ئەوەی كاریگەریان لەسەر گەشەكردن و قەبارەی دانیشتوان هەبوە، هۆكاری گرنگیش بون بۆ كۆبونەوەی گروپێك یان بەشێك لە پێكهاتەی دانیشـتوانی هەر ناوچە و دەڤەرێك بۆ ژیانكردن، ئەمەش جۆرێك لە شێوە ژیانێكی كۆمەڵایەتی بە كۆمەڵگە دەبەخشـــێت كە سروشـــتی و ڕەنگدانەوەی بارودۆخەكەی پێوە دیاربێت، ئەگەر ســـەرنج لە ناوچە كوردنشـــینەكان بەگشـتی و ناوچەكانی ڕۆژئاوای هەرێمی چیاكان بەتایبەت بدەین، ئەوا بەڕونی ئەو كاریگەرییە دەركەوتوە، شـێوەی ژیانی كۆمەڵایەتی زیاتر كردۆتە كۆمەڵگەیەكی وەرزێری و كۆچەری و نیمچە كۆچەریش (عیزەت، 2014، 59)، دیارە سروشتی ناوچەكە كاریگەری لەسەر ئەوە شێوە ژیانەی كورد هەبوە، كە زیاتر وابەستەی گوند و ئاواییەكانیان بن، كە سەرچاوەی ژیان و بژێوییان بوە، ئەمەش كاریگەری لەســـەر ئاســـتی بنیاتنان و ئاوەدانی گەشـــەكردنی ناوچەكان داناوە، ئیدی گوندییەكان (وەرزێر و ئاژەڵداران)یش بەهۆی ئەو ژینگە لەبارەی كە ناوچەكە پێی ناسراوە، زیاتر تێدا گیرســـاونەوە و ڕێژەیەكی بەرچاویان پێكهێناوە، ئەمەش وایكردوە بە هەزاران و گوند و دێهات هەبێت و ڕێژەیەكی زۆری دانیشـــتوان پێكبهێنن (توفیق، 2014، 62)، زۆرێك لەشـاری و ئەعمالەكانی دەوروبەری (ماســبذان و دینور و قرماســین و حلوان همدان) بە گوند و ئاواییەكانیان بەناوبانگبون (ابن خرداذبة، 1889، 43-244).

لەلایەكی دیكەشـــەوە دابونەریتی كۆمەڵایەتی و كەلتوری خێڵەكی لەناو كوردا، كە ســـیمایەكی دیار و بەرچاوی كۆمەڵگەی كوردەواری بوە بەتایبەت لە سەدەكانی ناواڕاستدا، بە جۆرێك سەدان خێڵی گەورە و مامناوەند هەبون، كە بەســـەر ناوچە جیاوازەكاندا دابەشـــبون، كە هەریەكان خاوەنی دەیان و گوند و ئاوایبون، هۆكارێكی دیكەی ئاوەدانی گوندەكانبوە، بۆ نمونە هۆزەكانی (شـــاذنجان و ماجران و لور و بەزریكانی و گۆران-جورقان- جاوان و جلالي)، كە هەریەكەیان نیشـتەجێی ئاوایی و ناوچەكانی ڕۆژئاوای هەرێمی چیاكان بون (المسـعودي، 2005، 2/ 108؛ خۆشـناو، 2014، 322)، شێوازی خاوەنداریەتی زەوی ئەمانەی وابەستەی نیشتەجێبونی زەوییەكانیان كردوە، ئەوەی ئاشكراشە زەوی و زاری كشـــتوكاڵی لە ســـنوری ئاوایی و گوندەكاندابوە، ئەمەش هۆكارێكی دیكەی ئەو بارودۆخە بوە، كە جێی مەبەسـتی توێژینەوەكەیە، هەرچەندە زاڵی سـیسـتەمی دەرەبەگی و شـێوازەكانی خاوەنداریەتی زەوی كاریگەری خراپیشی- لەسەر ژیان و باری سەرشانی وەرزێران هەبوە، كە باسكردنی لێرەدا جێی مەبەست نییە.

لە لایەکی دیکەشەوە، کە هەر پەیوەندی بە ڕەهەندی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، خەسڵەتی کۆمەڵگەی کشتوکاڵی ئەوەیە کە پێویستی بەدەستی کاری زۆرە، لەبەرئەوە لەناو کوردا کەلتوری وەچەنانەوە ئەگەرچی هۆکاری دیکەشی لە پشت بوبێت، هۆکارێکە بۆ زۆربونی ژمارەی دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکان بەگشتی و گوندییەکان بەتایبەت، کە زیاتر کەلتوری خێڵەکی بەسەریاندا زاڵبوە، سەرباری کاریگەری ژینگە سروشتییەکەی نەریتی منداڵ زۆری و گەورەی قەبارەی خێزانی کورد، پێویستی هاوکاریکردنی کاری زبارەیی و هەرەوەزی لە کاروباری کشتوکاڵی و ئاژەڵداریدا، ئەوە سەرباری دەوڵەمەندی و بەپیتی ناوچەکە (محمد، ١٩٩٤، ١١٩-١٢٠)، سەرباری هەستی هاوسوێی و دەمارگیری خێڵەکی و خزمایەتی، کە لەناو کۆمەڵگەی گوندنشینی و خێڵەکانی کوردا زیاتر زاڵ و دەرکەوتوە، وایکردوە تاڕادەیەکی زۆر لە یەك شوێنی نیشتەجێبون و بۆ هەر مەبەستێك بوبێت کۆببنەوە، لە خۆشی و ناخۆشیدا هاوکاری و هاوبەشبن، بەمانایەکی دیکە، خێڵ و ئەندامانی وابەستەی پانتایەکی جوگرافی دیاریکرا و یەکێتیەکی ئابوری دەرەبەگی کردوە (حسن، 2011، 67)، تاڕادەی ئەوەی لە زۆربەی ئەو کارەسات و ڕوداوانەی بەسەر ناوچەکە و خۆیان هاتوە، تێکڕای هۆزەکە دوچاری ئاوارەبون و دەربەدەری بون، نمونەی واش لەو قۆناغەی لێکۆڵینەوەکەدا زۆرە، کە دەرفەتی باسکردنیان نییە، هەر بۆنمونە وەك پەڕاگەندەبونی هۆزی جورقان لەبەر سیاسەتی زوڵم و ستەمی سەلجوقییەکان لە بەرزاییەکانی ڕۆژئاوای هەرێمی چیاکان و لە دەرتەنگی حلوانەوە ئاوارەی ناوچەکانی (جامعین)[iv]بون، یاخود هۆزی گەلاڵی بە ناوچەکانی ئازربیجان و شارەزوردا بڵاوبونەوە (رسول، 2013، 131-132)، بەهەرحاڵ هۆکاری کۆمەڵایەتی کەلتور و دابونەریتی کورد وەك فاکتەرێکی دیکە ڕۆڵی لەسەر ئاستی ئاوەدانی و گەشەکردنی گوندەکان و ژیانی گوندەواریدا بینوە.

## 2 -2: ئاستی شارەزایی هونەری کاری کشتوکاڵی لای کورد:

سەرچاوەی بژێوی ژیان و داهاتی ئابوری بەشێکی زۆری دانیشتوانی هەرێمی چیا بە داهات و بەروبومی کشتوکاڵییەوە بەند بوە، بەهۆی بەپیتی خاکەکەی و بونی سەرچاوەی ئاوی باران و کەڵەکەبونی بەفر لەسەر چیاکان، کە سەرچاوەی ئاوی ڕوبار و کانیاوەکان بون، ئەمە وایکرد دانیشتوانی گوندەکانی ڕۆژئاوای هەرێمی چیاکان مێژو و ئەزمونی تایبەت بەخۆیان هەبێت و لە پێدەشت و گوندەکان بژین و گرنگی بە پیشەی کشتوکاڵی بدەن و کاتەکانی ڕۆژانەیان تەرخانبکەن بۆ تێکەڵاوبون لەگەڵ سروشت و خزمەتکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان، زەوییەکانیان بە باشترین شێوە بۆ کشتوکاڵکردن ئامادەکردوە (عیزەت، 2014، 55)، کاری کشتوکاڵی و وەرزێر، کە بە درێژایی مێژوی کورد ئەزمونی کردوە، بۆتە هۆکارێکی گرنگ و وردەوردە پیشکەوتنی بوارەکە و گەشەکردنی ژیانی گوندی و ئاوایەکانی، ئەمەش هەر لە ناسینی جۆرەکانی بەروبومی کشتوکاڵی و ڕوەکی و باغ و باغات و ئاژەڵداری وەك ڕەگەز و پایەی دوەمی بواری کشتوکاڵی کۆمەڵگەی گوندەواری ڕۆڵی گرنگی خۆی بینییوە بۆتە تەواوکەری ژیانی گوندی و وەرزێری، ئەگەر سەرنج لە دوتوێی سەرچاوەی گەڕیدە و وڵاتناسانی موسڵمان بدەین، بەتایبەت لە قۆناغی لێکۆڵینەوە، ئەوا ئاماژەیان بۆ دیارترین ئەو بەروبوم و بەرهەمانە کردوە، کە لە ناوچەکەدا ڕەنێوهاتون، نەخاسمە هەر لە بنەڕەتدا ناوچەکانی ڕۆژئاوای هەرێمی چیاکان بەکاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری ناسراون، کە دەکرێت وەك نمونە چەند دەستەواژەیەکی وڵاتناسان بخەینەڕو، کە وەسفی ناوچەکانیان لەمبارەیەوە پێکردوە، هەروەك (الاصطخري) ئاماژەی بە شارەزایی و خەڵکی چیاکان کردوە، لە بەخێوکردن و پەروەردەکردنی مەڕ و ماڵات و ئاژەڵداری، سەرباری کاری کشتوکاڵی فرەبەرهەمی و بازاڕ و بازرگانی (2004، 199)، لەسەرچاوەیەکی دیکەشدا هاتوە، کە بە باشترین ناوچە لە ڕوی بەرهەمی میوەجات و هەنگوین و گوێز و زەعفەران و بەرهەمی دیکە دەڤەر وئاواییەکانی ناوبردوە لە نمونەی (همدان نهاوند و الدینور)(المقدسي، 1991، 385)، وڵاتناسێکی دیکە وەسفی زۆری بەرهەمی ئاژەڵی وهونەری دروستکردنی بەرهەمە

سپیاییەکانی کردوە (ابن حوقل، 1992، 2/ 358)، ئەوە سەرباری ئاشنایەتی و شارەزاییان لەسەر جۆرەکانی کشتوکاڵی دێمی و بەراو، کە کاریگەری لەسەر ڕێژەی بەرهەم و جۆری بەرهەمەکان هەبوە، ئەمانە و چەندان بەرهەمی جۆراوجۆری دیکە (بڕوانە: خۆشـناو، 2014، 272)، کە ئەزمون و شـارەزایی کورد دەسـەلمێنن لەم بوارەدا، هۆکارێکی گرنگی گەشەکردن و ئاوەدانی ناوچەکە بون.

بەشێکی دیکەی ئەزمونی و شارەزایی وەرزێران و ژیانی گوندەواری بریتیبوە لە شارەزاییان لەسەر ئەوکەرەستە و ئامرازانەی لە بوارەکەدا بەکارهاتون، لە نمونەی ئامرازەکانی جوت (کێڵان)هەوجاڕوگێرە و شـێوازەکانی هەڵگرتن و عەمبارکردنی دەغڵودان و هەڵگرتن و وشـکردنەوەی بەروبومەکان لە وەرزی بەرهەم و خەڵەو خەرماندا بۆ وەرزێکی دیکە، ئەگەرچی بە تەکنیکی سـەرەتایی بوبن، بەڵام بۆ ئەو قۆناغە بەرکار و گرنگبون (ئی. ئار. لیچ، 2005، 119-120؛ عیزەت، 2014، 57؛ ئەحمەد، 2019، 98)، ئەوە و شـێوازەکان و کاتی کێڵان و داچاندنی زەوییەکانیان، لایەنێکی دیکەی شارەزاییان هەبوە لە کشتوکاڵی دێمی کە بە پلەی یەکەم پشتیان بە ئاوی باران دەبەست بۆ ئاودێریکردنی زەوییە کشـتوکاڵییەکانیان بەتایبەتی بۆ بەرهەمهێنانی گەنم و جۆ، پاشـان پشـتیان بە ئاوی سـەر زەوی دەبەسـت وەك ڕوبار و جۆگەلە و ئاوی ژێر زەوی وەك کانیاوەکان بۆ ئاودانی زەوییەکانیان (الادریسی، 2002، 2/681)، هەر بۆیە گوندنشینان و خاوەن بەروبوم و باخەکان بەمەبەسـتی بەراوکردن و ئاودێری چەند شـێوازێکیان لە ئاودان پەیڕەوکردوە (عیزەت، 2014، 56)، پاشـان زەوییەکان بە بەرهەمە جۆراوجۆرەکان چاندوە، کە زیاتر بەرهەمی کشـتوکاڵییەکانی وەك (گەنم و جۆ و کەتان و زورات) بەرهەمی دیکە بون، دواتر جوتیارەکان بۆ بەهێزکردنی زەوییە کشـتوکاڵییەکانیان تاوەکو بەرهەمی زیاتری هەبێت زەوییەکانیان بە پاشـماوەی ئاژەڵەکان وەکو پەینی کیمیایی بەکارهێناوە (ا.م.مینتیشـاشـڤیلی، 2008، 15)، ئەگەر باس لە پیشـەگەری لە بواری کشـتوکاڵی ئاژەڵداریش بکرێت، ئەوا بابەتێکی زۆر و گرنگی شـارەزایی کوردە[٧]، کە بەتایبەت دانیشـتوانی ڕۆژئاوای هەرێمی چیاکان پێی ناسراون و بەرهەمەکانیان سـود لێوەرگرتوە لە بواری بەرهەمی سپیایی و دروستکردنی پەنیر و ماست و کەرە و چەندان جۆری دیکە، سەرباری بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، کە بە باشی جۆرەکانی و فرەجۆری ناسراون تەنانەت لە بواری بازرگانیدا ڕمێنی زۆریان لەسـەر بوە (الاصـطخري، 2004، 199؛ محمد، 1994، 136)، هەمو ئەمانەش وەك کەلتورێك بۆ نەوەکانی داهاتوش گواسـتراوەتەوە، بەتایبەت کوردەکان ئەوەی لەبارەی کشتوکاڵکردنەوە دەیزانن هەر ئەوەیە کە خەڵکانی پێش خۆیان زانیویانە (سندی، 2008، 431).

ئەو ئەزمون و شـارەزاییەی کورد لەم بوارەدا هەیبوە، هۆکارێکی دیکە بوە لە بوژانەوە و گەشـەکردنی ژیانی گوندی و مانەوەی ڕێژەیەکی بەرچاو لە گوندەکاندا، کە بۆتە بەشـێك لە ئەزمونی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەواری، نەخاسمە لە دوای سەدەی (2ك/8ز) بەدواوە وردەوردە کۆمەڵگەی کوردی هەنگاوی بەرەو گۆڕانکاری بەرەو پێشچون ناوە، بەتایبەت دوای سـەرهەڵدانی میرنشـینە کوردییەکان و دەرکەوتنی زانا و توێژێك لە خوێندەواران و بڵاوبونەوەی زانست، کە لە زۆربەی شاروشارۆچکە وتەنانەت ئاواییەکانیش مەڵەبەندو دامەزراوەی ئاینی وفێرکاری تێدا ئاواکراون، کە بێگومان کاریگەریان لەسەرئاستی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و پیشەیی داناوە (عبوش، 2004، 92)، سەرباری هاندانی خەڵك بۆ ئیش وکاروبەرەوپێشچونی ئاستی بەرهەمهێنان و ڕووبەڕوبونەوەی تەنگژە وکێشەکان، ئەوە سەرباری ئاشنابون بە ئەزمونی پێکهاتەی دیکە سـنوری خانەی ئیسـلام وکرانەوەی ناوچەکە بەڕوی ناوچەکانی دیکەی ئەم خانەیەدا، هەمو ئەمانەش هۆکارێکی دیکەی گەشـەکردن و بوژانەوەی ناوچەکە بون بەگشـتی وئاسـتی ئاوەدانی و قەرەباڵغبونی دانیشتوانیشی لێکەتۆتەوە.

## 3-2: هۆکاری بژێوی و ئابوری(بازرگانی):

گرنگیدان بە کشـــتوکاڵ لەلایەن کوردەکانەوە مێژوییەکی دێرینی هەیە و هەر لە کۆنەوە دانیشـــتوانی ئەم نیشـتیمانە بە پیشـەی کشـتوکاڵییەوە خەریکبون، (ابن خلدون)یش پێیوایە کشـتوکاڵ وەك کۆنترین سـەرچاوەی بژێوی سروشـــتی ڕزق و ڕۆزی پێویســـت بۆ بەردەوامی ژیانی مرۆڤ دابین دەکات، هەر بۆیە هیچ کۆمەڵگەیەك ناتوانێت بەبێ کشـتوکاڵ بژیت (2016، 831/2)، ئیدی کشـتوکاڵ وەك سـەرچاوەیەکی گرنگی ژیانی ئابوری بەدرێژایی سـەردەمەکانی مێژو لەلایەن کورد گرنگی پێدراوە، نەخاسـمە سـەرچاوەی بژێوی و ژیان بەشـێوەیەکی سـەرەکی بەروبومی کشـتوکاڵی و ئاژەڵی بوە، وەك ئاماژەشـمان کرد بەشـێکی ئەمە بۆ سروشـتی ناوچەکە و بەپیتی و گونجاوی ئاووهەواکەی گەڕاوەتەوە، کە ڕۆڵێکی گەورەی هەبوە لە گەشەسەندنی کشـتوکاڵ وەك سـەرچاوەیەك بۆ بژێوی و داهاتی ئابوری (محمد، 2011، 36)، بەتایبەت بژێوی ژیانی گوندیان لەســـەر ئەو کەرتە گرنگە بوە، ئەمەش فاکتەرێکی گرنگبوە کە بایەخ بە ئاوەدانکردنەوە و گەشـــەپێدانی گوندەکان و ژیان ســـەلامەتی وەرزێران بدرێت، هەتا لەمبارەیەوە میر (بدری حەســـنەوەیهي)(369-405ك/ 979-1014ز) درکی بـەوڕاســـتییە کردوە، بەرهەم و کاری وەرزێرانی ســـنوری قەڵەمڕەویەکەی بەســـەرچاوەی بژێوی ژیانی خەڵك زانیوە (ابن الجوزي، 1992، 15/ 105؛ نەقشـــبەندی، 2008، 421).

لە لایەکی دیکەشـــەوە، کە هەر پەیوەندی بە ژیانی ئابوری و لایەنێکی گرنگی ئەم بوارەوە هەبوە، بریتیبوە لە دەرفەتی کاری کڕین و فرۆشـــتن و بازرگانی، کە هاندەرێکی ســـەرەکی زیادکردنی بەرهەم و گرنگیدان بە ئاســـتی خزمەتکردن و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانەوە هەبوە، دەرەفەتێکی لەباری بۆ بە بازاڕکردنی بەرهەم و ڕەنێوهاتی وەرزێرانەوە هەبوە، بێگومان هەڵکەوتەی ناوچەکە و بونی ڕێگاکانی هاتۆچۆوبەیەکەوە بەســـتنەوەی شـــار و ئاواییەکان بە یەکدیکەوە (ابن خرداذبة، 1889، 226؛ نەقشـــبەندی، 2008، 433)، دەرفەتی هەلی بازرگانی و گەیاندنی بەهەمەکانیان زیاتر بۆ ڕەخساوە.

ڕۆژئاوای هەرێمی چیاکان بەهۆی پێگەی جوگرافیای ناوچەکە، کە کەوتبوە سـەرڕێگای بازرگانی نێوان وڵاتی عێراق وڵاتی فارس وئازەربیجان، کاریگەری لەسـەر شـاروگوندەکان هەبوە، کە بوبونە مەڵبەندی کۆبونەوەی بازرگانان وچالاکی بازرگانی لە ناوچەکەدا، ســـەرەڕای ئەوەی ئەم هەرێمە کەوتبوە ســـەر ڕێگای بازرگانی نێوان بەغدای پایتەختی دەوڵەتی عەبباسی بۆ خۆراســـان و لەوێشـــەوە بەرەو ناوچەکانی خۆرهەڵات کە دەیبەســـتێتەوە بە ناوچەکانی ئەو دیو ڕوبار لە ســـنوری چین و بە هەمەدان تێپەڕبوە، ئەم ڕێگایەش قافڵە بازرگانییەکان و حاجیان و ڕێبوارانیش بەکاریانهێناوە (ابن خرداذبة، 1889، 19؛ نەقشـــبەندی، 2008، 431)، ئەمانەش ســـەرچاوەیەك بون بۆ ســـاغکردنەوەوبە بازاڕکردنی بەرهەمەکانیان، یاخود بۆ شـاروگوندەکانی دەوروبەریان دەبردن، بەمجۆرەش بازرگانیان بە بەرهەمە کشـتوکاڵییەکانەوە کردوە، بۆ نمونە گوندی کرخ جدان لە نزیك شـاری خانەقین، کە کەوتبوە سـەر ڕێگای بازرگانی نێوان هەرێمی چیاکان و عێراقەوە، دانیشـتوانەکەی بە پیشـەی بازرگانییەوە خەریکبون، کە کاروانە بازرگانییەکانی نێوان عێراق و هەرێمی چیا بەو گوندەدا تێپەڕدەبون (یاقوت الحموي، 1995، 449/4)، ئاوایی و ناوچەکانی دیکە لە نمونەی بروجرد و نهاوند و ڕوزراور و دەوروبەریان ســـەرباری دەوڵەمەندییان بە بەرهەمی هەمەچەشـــنە خاوەنی بازاڕ بون و بەروبومەکانیان بۆ شـوێنانی دیکە ڕەوانە کردوە (الاصـطخري، 2004، 199)، بەهەرحاڵ ئەمانە چەند نمونەگەلێکن، کە لە دەڤەرەکەدا نێو و نێوبانگیان هەبوە، هۆکاریش بون بۆ بوژانەوە و ئاوەدانی گەشەکردنیان.

## 4-2: هۆکاری سیاسی و کارگێڕی:

ئەگەرچی ماوەی توێژینەوەکە سەردەمی عەبباسییە، کە گۆڕانکاری سیاسی و کارگێڕی زۆری بەخۆوە بینییوە، لەو قۆناغەدا کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لەسەر ئاستی ئاوەدانی و بوژانەوەی ناوچەکە هەبوە، بەگشتی ئاستی کاریگەری باش پەیوەندی بە بارودۆخی ئارامی ناوچەکە و سیاسەتی دەسەڵاتدارانەوە هەبوە، کە بێگومان وەکو یەک نەبون، زیاتر ئەوەی جێی مەبەستە دیارە سەردەمی فەرمانڕوایی میرنشینی حەسنەویهی بوە لە ناوچەکەدا، بەهەرحاڵ هۆکاری سیاسی و کارگێڕی بە ڕەهەندە جیاوازەکانیەوە، وەك هۆکارێکی مرۆیی بە درێژایی مێژو ڕۆڵ و کاریگەری فرەئاستی لەسەر ڕوداوەکان و ئاراستەکردنی کۆمەڵگاکان هەبوە، دەکرێت بە بزوێنەر و دروستکەری بەشێکی زۆری گۆڕانکاری و ڕوداوەکان دابنرێت، ئەم هۆکارەش دەکرێت لایەنی ئەرێنی و نەرێنیشی هەبوبێت، کە ئەوەی جێی مەبەستی توێژینەوەکەیە لەم تەوەرەدا ئەوە لایەنە باشەکانی ئەو هۆکارەن، لە ئاستی بایەخدان بە هەڵسوڕاندنی کاروبارەکان و ڕەخساندنی ژینگەیەکی ئارام و بایەخدان بە ڕێکخستنی سیستەمی بەڕێوەبردن و چاککردنی سیستەمی باج و ماڵیات و بایەخدان بە پرۆسەی دروستکردن و ئاواکردنی پرۆژە ئاواکارییەکان لەبواری ئاودێری و ڕەخساندنی هەلی بەبازاڕکردن و ساغکردنەوەی بەروبومەکان، کە هەمو ئەمانەش لەسەر سیاسەتی هێز و دەسەڵاتی سەردەم وەستاوە، لەمبارەیەشەوە بە سەرنجدان لە مێژوی سیاسی و سەربازی سنوری و ماوەی توێژینەوەکە، پڕیەتی لە ڕوداو و گۆڕانکاری سیاسی زۆر (رسول، 2013، 31)، کە بێگومان لەگەڵ هەر هەلومەرجێکدا کاریگەری لەسەر ئاستی ئاوەدانی و بوژانەوەی ناوچەکە هەبوە، سەرباری کاریگەرییە خراپەکانی و ئاستی ململانێی خێڵەکی کە لەکات و شوێنی دیکەدا باسدەکرێن.

لە دوای پرۆسەی فتوحاتی ئیسلامی دیارە ناوچەکە بۆتە بەشێك لە سنوری خانەی ئیسلام و ڕاستەخۆ لەلایەن والیەکانەوە بەڕێوەبراوە، کە لەلایەن خەلیفەوە ئەرکی بەڕێوەبردن و کۆکردنەوەی باج و ماڵیاتیان پێسپێرراوە (یاسین، 2013، 48)، ئیدی لەسەردەمەکانی دیکەشدا بەتایبەت لەسەرەتاکانی دەسەڵاتی عەبباسیدا تا سەرهەڵدانی دەسەڵاتە خۆجێیەکانی کورد، ناوچە کوردنشینەکان بەگشتی لەلایەن والییەکانەوە بەڕێوەدەبران و تاڕادەیەکی زۆر وابەستەی سیاسەتی دەسەڵاتی خیلافەت بون، کە لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی جاج و ماڵیات و پاراستنی ئارامی ناوچەکە و بەرپەرچدانەوەی بزوتنەوەکانی نەیار بە دەسەڵاتی خەلیفەکان ئاراستەکراوە، کە ساڵانە بڕێکی زۆر لە باج و خەراجی ناوچەکە بۆ پایتەخت نێردراوە، کە بە سەدان دینار و درهەم خەملێنراوە (ابن خرداذبة، 1889، 244)، ئەو ڕێژەیە گوزارشتە لەسەر ڕێژەی بەرهەم لە لایەك و داهاتی دەوڵەتیش لە لایەکی دیکەوە، بەڵام هەروەك توێژەرێك بەراوردی نێوان سەدەی (2ك/8ز) و سەدەی (4ك/10ز) بەشێکی لە شارو دەڤەرەکانی ڕۆژئاوای هەرێمی چیاکانی کردوە، لەسەدەی (4ك/10ز) ڕادەی داهات و موڵکانە زۆر کەمی کردوە، ئەمەشی بۆ خراپی بارودۆخی سیاسی و سەربازی و دابەزینی ئاستی ڕەنێوهات و کشتوکاڵی ناوچەکە گەڕاندۆتەوە، کە وڵات بە قۆناغی شلۆقی و گەندەڵیدا ڕێگوزەری کردوە، باری ئابوری شێواوە و ڕەوشی کشتوکاڵ و ئاودێری فەرامۆشکراوە (رسول، 2020، 410، 414)، بەهۆی لاوازی دەسەڵاتی خەلیفەکانی عەبباسی و پەرەسەندنی بزوتنەوەکانی نەیار بەدەوڵەتەکە و دەرکەوتنی دەسەڵاتە خۆجێیەکان لە هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا (بڕوانە: توفیق، 2018، 161)، کە بێگومان کاریگەری لەسەر بارودۆخی ناوچەکە داناوە، بەتایبەت کە وەك پێشتر ئاماژەی بۆکرا، هەڵکەوتەی جوگرافی ناوچەکە وابوە، کەوتۆتە سەر ڕێگای نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئیسلامی کاریگەری ڕوداوەکانی زۆر لەسەر بوە.

لەلایەکی دیکەوە لە قۆناغی پێش سەرهەڵدانی دەسەڵاتە خۆجییەکانی کورد لەسەردەمی پەشێوی و باڵادەستی سەرکردە سەربازییەکان بەسەر کاروباری خیلافەتدا، کورد و ناوچە کوردنشینەکانی بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و

پێکهاتەی سیستەمی کۆمەڵایەتی و خێڵەکی و ئاستی هۆشیاری جڤاکی لەو قۆناغەدا لەڕاستیدا زۆری تێکەڵاوی ڕوداوەکان نەبون بە بەراورد بە پێکهاتەکانی دیکەی وەك فارس و تورك، ئیدی ناوچە دورە دەست و ئاوایی و گوندەکان، کە زیاتر سنوری نیشتەجێبونی خێڵە دەرەبەگە خۆماڵییەکان بوە، زیاتر لەژێر کاریگەری خێڵەکاندا بوە (حسن، 2011، 68؛ توفیق، 2018، 59)، لەبەرئەوە لەو قۆناغەدا پێشکەوتنێك و ئاوەدانییەکی دیار بە ناوچەکەوە دیارنەبوە، تا دەرکەوتنی بوەیهییەکان بە ئامانجی زیادکردنی ڕێژەی داهاتیان کە بەشێکی زۆری لە ڕێگەی باج وماڵیاتی کشتوکاڵی ناوچەکە دەستیان کەوتوە، بەشێك لە میرەکان لە خەمی بەرەوپێشبردنی بارودۆخی ئاودێری بایەخدان بە کشتوکاڵ و ئاواییەکانەوە بون (ئەحمەد، 2019، 88)، بەڵام لە دوای سەرهەڵدانی بەتایبەت میرنشینی حەسنوەیهی (348-406ك/ 959-1015ز) لە سنوری شارەزور و بەشێکی دیاری ڕۆژئاوای هەرێمی چیاکان (نەقشبەندی، 2008، 201؛ حسن، 2011، 43) بارودۆخەکە تەواو گۆڕاوە.

لە ڕاستیدا کشتوکاڵ سەرچاوەی سەرەکی داهات و ماڵیاتی خەزێنە و ئابوری میرنشینە کوردییەکان بوە، وەک دەبینین هەژمون ودەسەڵاتداریتییان لەناوچەبەپیتەکان دروستبوە، کە سەرچاوەی دەیان جۆر بەرهەمی کشتوکاڵی و ئاژەڵی بەناوبانگبون (حسن، 2011، 175)، کە بۆتە سەرچاوەی سەرەکی بۆ داهاتی میرنشینەکان، کە لە ڕێگەی خەراج و ماڵیاتەوە ساڵانە دەستیان کەوتوە، ئاشکراشە قەبارەی ئەو داهاتەش پەیوەستبوە بە ئاستی زۆری بەرهەم و سیاسەتی دادپەروەرانە لە کۆکردنەوە و ئاستی بایەخدانی میرەکان بە بوارەکە بەگشتی، ئەوەی لە مبارەیەشەوە تایبەت بە سنوری توێژینەوەکەیە، دیارە بەشێك بوە لە سنوری میرنشینی حەسنەویە و بەشێکیشی. میرنشینی عەنازی (381- 511ك/ 991- 1117ز)(حسن، 2011، 51)، ئەمە چ جای هێز و لایەنی دیکە، کە ڕۆڵێکی باشیان لە بەڕێوەبردنی ناوچەکەدا نەبینیوە، کە باسکردنیان لێرەدا جێی مەبەست نییە[vi]، ئەوەی کە پەیوەستە بە سیاسەتی میرانی بنەماڵەی حەسنوەیهی ئەوا کاریگەریان بەسەرناوچەکە بەگشتی وئابوری و وەرزێری بەتایبەت دیاربوە، لەوانەش میر(بدر)(369-405ك/ 979-1014ز)، کە میرێکی خاوەن شکۆ و بەڕاوتەگیربوە، بەو سیاسەتەی کە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا پەیڕەوی کردوە، هۆکارێکی گرنگ بوە بۆ پێشکەوتنی بارودۆخی گشتی و ئاستی ئاوەدانی و شارستانی، لەوانەش بایەخی زۆری بە لایەنی کشتوکاڵ و گوندەکان و ئاودێری و ڕەوشی ژیانی جوتیاران داوە، سەرباری دادپەروەری لەڕێکخستنی باج و ماڵیاتدا (الروذراوري، 2002، 7/339)، ڕێگە بە هیچ دەرەبەگ و سەرکردەیەکی سەربازی سوپاکەی نەداوە دەستدرێژی بکەنە سەر گوندەکان و بارودۆخی وەرزێران تێکبدەن، بەڵکو هەرەشەی لێکردون، بەشێکیشی۔ لەناوبردن، کە بونە مایەی هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر ژیانی گوندیان وەرزێران (ابن الجوزي،1992، 15/ 104)، سیاسەتێکی دیکەی بایەخدانی ناوبراو بە بواری کشتوکاڵ و هاندانی کاری وەرزێری، دەستگرتنی جوتیاران بوە لە ڕوی یارمەتی و پێدانی دراو بەشێوەی (سولفە)، کە نەریتێکی تازە باوی گرنگبو، کە وەکو یارمەتی بە جوتیارانی داوە لەپێناوەبەرهێنانی کێڵگەکانیان وزیادکردنی بەرهەم وئاوەدانکردنەوەی دێهاتەکانیان، هەروەك (الروذراوري 481ك/1088ز) لە ستایش و باسکردنی سیاسەتی لێزانانەی میر(بدر)دا ئاماژەی کردوە، کە ئەو هێندە میرێکی بەڕێوجێبوە دەیزانی چۆن ماڵ کۆدەکاتەوە وچۆن خەرجی دەکات، ساڵانە پارەیەکی زۆری بۆدابینکردنی ئاسایش وئارامی ڕێگاوبان وئاوایی دەڤەرەکە خەرجکردوە، یارمەتی و دەستگرۆیی خەڵکی نەدار و هەژارانی کردوە، تەنانەت بە دەستێکی پۆڵایین ڕوبەڕوی ئەندامانی هۆزی (بەرزیکان)، کە هۆزەکەی خۆی بون بۆتەوە، کە سەرچاوەی گەندەڵی و خراپەکاری و تاڵانکاری بون، ڕاستەڕێیکردون و زۆریشی۔ لێ لەناوبردن (2002، 7/ 339-340)، ئەوەی ئەو میرە کوردە کردویەتی بە بیری کەم کەسی ی هاوسەردەمیدا هاتوە لەو سنورەدا، هەمو ئەمانەش کاریگەری زۆریان لەسەر ئاوەنداکردنەوە و گەشەکردنی ئاواییەکان وڕەوشی کشتوکاڵ و

وەرزێری هەبوە، زیادبونی داهات و ماڵیاتی ساڵانەی بەڵگەی ئەو پێشکەوتنە دیارە بوە، نەك هەرئەوەش، بەڵکو خانێکی تایبەتی بۆ ساغکردنەوەی بەروبومی جوتیاران لە شاری هەمدان دروستکردوە، کە لە وەزی خەلەوخەرمان و پێگەیشتنی بەرهەمی گوندییان لێی دەکڕینەوە و لە بازارەکاندا ساغی کردۆتەوە، ئەوە سەرباری چەندان بازاڕ و مەیدان، کە شارەکانی ڕۆژئاوای هەرێمی چیاکان پێی بەناوبانگبون (محمد، 1994، 149-152)، ئاماژەدانی ســـەرچاوەکان بە زۆری ڕێژەی ماڵات و ئەســـپ و ســـامانی دیکەی ئاژەڵداری بەڵگەیەکی دیکەی پێشـــکەوتن و گەشـــەکردنی ژیانی گوندەواری و ئاژەڵدارییوە، کە بێگومان گوندەکان ســـەرچاوەی ئەو ســـامانە بون، بۆ نمونە ئەو ڕێژە زۆرەی کە میر (حســـنوەیهی بەرزیکانی) لە ســاڵی (359ك/ 969ز) بەخشیـ بە بوەیهیەکان ژمارەیەکی زۆر ئەســپ و هێســتری تێدابو (مســکویە، 2002، 6/ 314؛ ابن الاثیر، 2006، 7/ 292)، میر (سرخاب بن بدرعنازي)ش ئەوەندەی ئەســـپ هەبون لە ژمارە نەهاتون (ابن الاثیر، 2006، 8/ 547) ئەمانەش ئاماژەن بۆ ئاستی بایەخدان و گەشەکردنی سامانی ئاژەڵی سەرباری زۆری جۆراوجۆری بەروبومی ئاژەڵی بەرهەمی سپیایی، کە هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆکرد ناوچەکە پێی ناسرابو.

لایەنێکی دیکە، کە بەکورتی و لەبەر درێژنەبونەوەی بابەتەکە جیی مەبەستە ئاماژەی پێبکرێت، هەر لەچوارچێوەی ســـیاســـەتی میرەکان و لایەنی کارگێری و ئاواکاری و پلانڕێژی بە ئاڕاســـتەی بایەخدان بە ئاوەدانکردنەوە و بوژانەوەی ناوچەکە، کە کاریگەری لەســـەر لایەنی ئاوەندانکردنەوە و گەشـــەکردنی ناوچەکە بەگشـتی و گوندەکانیشـــەوە هەبوە، بایەخدانی بەشـــێك لە میر و میرزادەکان بە چاککردنی ڕێگاوبان و دروســـتکردنی پرد و قەنتەرەکان بون، کە هۆکاربون بۆ بەستەوەی ناوچەکان بەیەکترەوە وئاسـانی هامشـۆ و بوژانەوەی ناوچەکە، میری واش هەبوە ساڵانە دراوێکی زۆری بۆ ئەم مەبەســـتە خەرجکردوە (الروذراوري، 2002، 7/ 342)، لەلایەنی ئاوەدانکردنەوەی کانیاوەکان و دروســـتکردنی مزگەوت و بایەخ پێدانی، زیاتر لەوە هەروەك (ابن الجوزي) ئاماژەی بەوە کردوە، کە میر(بدر)ی حەسنەوەیهی لەسەر هەر کانی و ئاوێك (ڕوبارێك) ئاوەدانییەکی بنیاتناوە، ســـەرباری مزگەوت و خان بۆ ڕێبواران وغەریبان (1992، 15/ 105) ئەوەی ئاشـــکراشـــە ناوچەکە بە ســـەرچاوەی ئاوی کانی و ڕوباری زۆر بەناوبانگبوە، بەم پێیەش بێت دەبێت ژمارەیەکی زۆر گوند و ئاوایی ئاوەدانکردبنەوە زۆرێکشیـ بنیاتناون، ئەمەو بایەخدان بە یەکخستنی سیستەمی نەختینە و لێدانی پارەش بۆ خۆی بەشـــێکی پەیوەندی بە بوژانەوەی ناوچەکەوە هەبوە، ئەگەرچی ڕەهەندەکانی زۆرن (حســـن، 2011، 206)، کە بەتایبەت لە میرنشـینی حەسـنەوەیهی خاوەنی دراوی خۆیان بون (نەقشـبەندی، 2008، 436)، بەهەرحاڵ هەمو ئەمانە هەریەکەیان بە جۆرێك لە جۆرەکان کاریگەری لەسەر بوژانەوەی ناوچەکە و ئاستی ئاوەدانی و قەرەباڵغی ئاوایی و گوند و شارەکانی هەرێمەکە داناوە.

بەڵام ئەو سیاسەت و کاریگەرییە ئەرێنییە هەروا بەردەوام نەبوە، بەتایبەت دوای سەرهەڵدانی ململانێ ناوخۆییەکان و دەرکەوتنی هێزی بیانی دیکە لە ناوچەکەدا، کاریگەری خراپیان لەسەر ڕەوشی گشتی بەجێهێشتوە، تا ڕادەی کاولبون و وێرانبونی گوند و ئاوایی و وێرانبونی ڕەز و باخ و کشـــتوکاڵی دێنشـــیان و بڵاوبونەوەی دیاردەی گەندەڵی و بەتاڵانبردن و زیادکردنی باج و خەراج، لەوانەش ململانێ ناوخۆیەکانی عەنازییەکان کاریگەری زۆر خراپی لەســـەر ڕەوشی ناوچەکە دروستکردوە.

## ئەنجام:

1- ڕۆژئاوای هەرێمی چیاکان وەك هەرێمێکی کوردنشـین، کە چەندین شـاری ناودار و شـارۆچکە و ئاوایی بەقەبارە جیاواز پێکهاتبو، بە سروشـتێکی شـاخاوی(چیایی)و ئاووهەوایەکی سـارد و باراناوی وەسـفکراوە، کە کاریگەری لەسەر فرەجۆری بەروبومی کشتوکاڵی و ئاژەڵی ناوچەکە داناوە.

2- هەڵکەوتەی جوگرافی هەرێمەکە وەك پردی پەیوەندی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئیسـلامی وابوە، بایەخی ناوچە و دەڤەرەکانی زیاتر کردوە، کە ڕێگاوبانی زۆری پێدا تێپەڕبوە و بۆتە هۆکارێك بۆ ئاوەدانی و گەشـەکردنی هەمەلایەنەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری، بە تایبەت لەسەردەمی عەبباسییەکاندا.

3- سروشـتی ناوچەکە کاریگەری زۆری لەسـەر شـێوە ژیانی کۆمەڵایەتی دانیشـتوانی داناوە، بە تایبەت بایەخی بۆ کشـتوکاڵ و ئاژەڵداری بەهۆی زۆری سـەرچاوەکانی ئاو و خاکی بەپیت و لەوەڕگا و فرەجۆری ڕوەکی سروشـتی، وایکردوە، کە ژیانی ئابوری و ئاستی ئاوەدانی ناوچەکە گەشەی کردوە.

4- سەرباری جیاوازی لە دەربڕین و گوزارشتەوە، بەڵام گوند و گوندنشینی بەوکۆمەڵە خەڵکە وتراوە، کە لە شوێنە دورە دەسـتەکانی شـارەکان ژیاون سـەرچاوەی بژێوی و ژیان لەسـەر کشـتوکاڵ بەندبوە، بونەتە سـەرچاوەی پەیداکردنی ڕزق و ڕۆزی شارەکانیش.

5- هۆکار و ڕەهەندی مرۆیی لە ڕەهەندە ئابورییەکان و ڕۆڵ و کاریگەری سیاسەتی دەسەڵاتدار و میرانی سەردەمەکە لەسـەر ئاسـتی ئاوەدانی و گەشـەکردنی گوندەکان دیار و بەرچاوبوە، هەروەك ئەوەی خرایەڕو بەڵگەی ئەم لایەنە بو.

6- سروشـــت و هەلومەرجی جوگرافی بەتەنها بەس نین بۆ پیشـــکەوتن و گۆڕانکاری و ئاوەدانی، بەڵکو هۆکارە مرۆییەکانیش لە پاڵیاندا دەبنە بزوێنەری ڕوداوەکان و ڕەخسـاندنی زەمینەی گەشـەکردن و بوژانەوەی ئابوری و کۆمەڵایەتی، هەر ئەمە لەو قۆناغەدا و لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا هاتۆتە دی و ڕۆڵی بینیوە.

## لیستی سەرچاوەکان:

ابن الأثير، عزالدين أبو الحسن الجزري (ت ٦٣٠هـ/ 1238ز) (2006م)، الكامل في التاريخ، تحقيق: عمر عبد السلام تدمري، دار الكتاب العربي، الطبعةالأولى، بيروت.

الادريسي، ابو عبدالله محمد بن محمد (ت:560هـ/1165م) (2002م)، نزهة المشتاق في اختراق الافاق، مكتبة الثقافية الدينية، القاهرة.

الاصطخري، أبو اسحاق إبراهيم بن محمد الفارسي (ت346هـ/957ز) (2004م)، المسالك والممالك، دار صادر، بيروت.

ابن الجوزي، ابي الفرج عبدالرحمن بن علي ابن محمد بن علي (ت597هـ/1200م) (1992م)، المنتظم في تاريخ الملوك والامم، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن حوقل، أبو القاسم محمد بن حوقل (ت380هـ/990م)(1992)، صورة الارض، منشورات دار مكتبة الحياة، بيروت.

ابن خرداذبة، أبو القاسم عبيد الله بن عبد الله (ت280هـ/912م)(1988)، المسالك و الممالك، ط1، دار الاحياء التراث العربي، بيروت.

الخزرجي، ابي دلف مسـعر بن المهلهل (ت331هـ/942م) (1960) الرسـالة الثانية لأبي دلف مسـعر بن المهلهل الخزرجي، تح: مينورسكي، مطبعة جامعة القاهرة، القاهرة، .

ابن ابي الربيع، شهاب الدين احمد بن محمد (ت272هـ/885م)(1983م)، سلوك الممالك في تدبير الممالك، تحقيق: حامد عبدالله ربيع، مطبعة دار الشعب، القاهرة.

الروذراوري، ابي شـجاع محمد الحسـين بن محمد بن عبدالله (ت448هـ/1056م)(2002م)، ذيل تجارب الامم، ملحق بكتاب (تجارب الامم)، تحقيق ابو القاسم امامي، دار سروش، تهران.

الفارابي، أبو نصرـ محمد بن محمد (ت339هـ/950م)(1987)، آراء أهل المدينة الفاضـلة ومضـاداتها، دار ومكتبة الهلال، بيروت.

ابن الفقه، أبو عبد الله أحمد بن محمد بن إسـحاق (ت365هـ/977م)(1996)، البلدان، المحقق يوسـف الهادي، عالم الكتب، ط1، بيروت.

القزويني، أبو عبد الله زكريا بن محمد بن محمود (ت682هـ/1283م)(1960م)، اثار البلاد و اخبار العباد، دار الصادر، بيروت.

المسعودي، ابي علي بن الحسين (ت346هـ/957م) (2005م)، مروج الذهب ومعادن الجوهر، اعتنى به محمدهشام النعسان وعبدالمجيد طعمة حلبي، دار المعرفة، بيروت.

مسكويه، ابي علي احمد بن محمد بن يعقوب (ت421هـ/1030م)(2002)، تجارب الامم وتعاقب الهمم، تحقيق ابو القاسم امامي، دار سروش، تهران.

المقدسى، أبو عبد الله محمد بن أحمد (ت380هـ/990م)(1991)، أحسـن التقاسـيم في معرفة الاقاليم، مكتبة مدبولي، القاهرة.

المؤلف مجهول (ت372هـ/982م) (1423هـ)، حدود العالم من المشرـق الى المغرب، تحقيق يوسـف هادي، دار الثقافة للنشر، القاهرة.

ابن منظور، جمال الدين ابو الفضل محمد (ت711 هـ/1311م) (1414هـ)، لسان العرب، دار صادر، ط3، بيروت.

ياقوت الحموي، شـهاب الدين أبو عبد الله بن عبد الله الرومي (ت626هـ/ 1228م)(1995)، معجم البلدان، ط2، دار الصادر، بيروت.

اليعقوبي، احمد بن يعقوب بن جعفر(ت292هـ/905م)(1422هـ)، البلدان، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن خلدون، ابو زيد عبدالرحمن محمد (ت808ك/1405ز)(2016)، موقەدیمەی ئیبن خەلدون، وەرگێڕانی سـەعید بەشیر، چاپ و پەخشی ڕێنما، چ1، (سلێمانی:2016).

تونى، يوسف (1977)، معجم المصطلحات الجغرافية، مطبعه دار الفكر العربى، بيروت.

توفيق، زرار صديق (2018)، الكرد في العصر العباسي(132-334هـ/ 749-946م)، مطبعة شهاب، اربيل.

حسن، قادر محمد (2011م)، الامارات الكوردية في العهد البويهي دراسة في علاقاتها السياسية و الاقتصاديه (334-447هـ/ 945- 1055م)، مطبعه رۆژهەلات، مؤسسة موكرياني، اربيل.

الدوسكي، ادريس محمد حسن (2006م)، همدان من الفتح الاسلامى الى سقوطها بيد المغول، دار سپيرێز، دهوك.

باقر، طه و اخرون (1987)، تاريخ العراق القديم، ج1، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل.

السعدي، عباس فاضل (2017)،جغرافية العراق الإقليمية إطارها الطبيعي، نشاطها الاقتصادي، جانبها البشري، دار الوضاح للنشر، عمان.

عبوش، فرهاد حاجي (2004)، المدينة الكوردية من القرن(4-7هـ/10-13م)دراسة حضارية، دار سپيرێز، دهوك.

العفيفى، عبدالحكيم (2000)، موسوعه 1000 مدينة اسلامية، اوراق الشرقية، بيروت.

لسترنج، كي (1985)، بلدان الخلافة الشرقية، تر: بشير فرنسيس و كوركيس عواد، ط2، مؤسسة الرسالة، بيروت.
الهيتي، صبرى فارس و حسن، صالح فليح (1986)، جغرافية المدن، دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل.
ئەحمەد، سۆران بەها (2019)،كشتوكاڵ و خۆراک لە هەرێمی چیا لەسەدەی چوارەمی کۆچی دەیەمی زایینی دا، زانکوی سليماني، ناوه ندی کوردستان، بۆ دۆکیومینت ولێکۆڵینەوەی ئه کادیمی.
ئی. ئـار. لیچ (2005)، ڕەوشی ئـابوری و کۆمەڵایەتیی کوردی ڕەوانـدز، وەرگێڕانی: عەزیز گەردی، چـاپخـانەی ڕون، شارەزور.
بایەزیدی، مەلا محمود (2015ز)، داب و نەریتی کورد، وەرگێڕانی شـکریە ڕسـول ئیبراهیم، چاپخانەی چەنجەرە، چ2، تاران.
توفیق، زرار صدیق (2014)، کۆمەڵگای کوردەواری لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
خۆشـناو، حکیم احمد (2014)، کورد و کوردسـتان لە دیدی گەریدە و وڵاتناسـانی موسـڵمان (232-626ك/ 846-1229ز)،وەرگێڕانی شوکر سلێمان، چاپخانەی موکریانی، چ1، هەولێر.
ا.م.مینتیشـا شـڤیلی (2008)، کورد (کورتەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی - ئابوری، ڕۆشـنبیری و گوزەران)، وەرگێڕانی: عێزەدین مستەفا ڕەسوڵ، چاپی دوەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.
رسـول، رسـول ابراهیم (2013)، کاریگەرییەکانی لەشـکرکێشیـ هێزە بیانیەکان بۆ سـەر کوردسـتان، چابخانەی لەریا، سلێمانی.
رسول، رسول ابراهیم (2020)، پێکهاتەکانی کوردستان لەسەردەمی عەبباسیدا، دەزگای نارین، هەولێر.
سـندی، بەدرخان (2008)، کۆمەڵگای کوردەواری لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسـیدا، وەرگێڕانی: ئیسـماعیل ئیبراهیم سـەعید، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.
عیزەت، فائیزە محمد (2014)، ژیانی کۆمەڵایەتی کورد لەنێوان سـەدەکانی (4-9ك/ 10-15ز)، و.سـەرمەد ئەحمەد، دەزگای موکریانی، هەولێر.
مەردۆخی، ئایەتوللا شـێخ محمد (1388هـ)، فەرهەنگی مەردۆخ (کوردی – فارسی – عەرەبی)، خانەی بڵاوکردنەوەی پرتە و بەیان.
موکریانی، گیوی (1999) فەرهەنگی کوردستان، پیتی (د: دێ) چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
نانەوا زادە، علی (2005)، فەرهەنگی کوردی هەرمان، چاپخانەی هێمن نەجات، هەولێر.
نەقشبەندی، حسام الدین علی غالب (2008)، شارەزور و لورستانی باکور لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، و: ڕەنج ئەبوبەکر محەمەد، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.
یاسین، هەمزە کاکە (2013)، حلوان لە سەردەمی خەلافەتی عەباسی تا ڕوخانی میرنشینی عەنازی (132-511ك/750-1117ز)، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
باستانی راد، حسن (1387هـ) واژەشناسی تاریخی دە و رستا در ایران، تاریخ ایران، شمارە (59/5)، زمستان.
محمد، نیشـتیمان بشـیر (1994)، الاحوال السـیاسـیة والاجتماعية و الاقتصـادية لغربي اقليم الجبال خلال القرنين الرابع و الخامس الهجريين/ العاشر و الحادي عشرـ الميلاديين، رسـالة ماجسـتير غير منشـورة تقدم الى كلية الاداب في تاريخ الاسلامي، جامعة صلاح الدين، اربيل.
ميرزا، أحمد ميرزا (١٩٩٥م)، غربى إقليم الجبال فى صدر الاسلام، رسالة ماجستير غير منشورة تقدم الى كلية الاداب في تاريخ الاسلامي، جامعة صلاح الدين، اربيل.

الحديثي، قحطان عبدالستار (1991)، طريق خراسان، مجلة كلية الاداب، جامعة البصرة، العدد (22).
الكطراني، عبد المناف عزيز بحر (2021)، وألاء حماد رجه، الحياة الاقتصـــادية في مدينة قم خلال العصرـــ العباسي (132–656هـ / 749–1258م)، دراسة تاريخية، مجلة الآداب، ملحق العدد 136.
احمد، ئامانج فواد (2018)، شـــێوازەکانی دابەشـــبونی شـــوێنیی نشـــینگە دێهاتیەکانی قەزای کفری، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (4).
محمد، ئاکۆ برهان (2011)، بارودۆخی کشـتوکاڵ و ئاژەڵداری و پیشـەگەری کوردسـتان لەسـەردەمی عەباسی، گۆڤاری (مێژو)، ژمارە (17)، بڵاوکراوەی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردستان و چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
نجمان و توفیق، ولید محمد و زرار صدیق (2022)، گوند و گوندەواری ل هەرێما جەزیرە و موصل دناڤبەرا سەدەیێن (3-8مش/9-14ز) ڤەکولینەکە دور ئەگەر و هۆکارێن ئاڤاکردن و وێرانبون و چولبونا وان، گوڤارا زانکۆیا دهوك، پەربەندا (25)، ژمارە (2).

## پەراوێزەکان

[i] سەبارەت بە ناو و سنوری جوگرافی هەرێمی چیاکان بەگشتی، ڕوبەرێکی فراوانی سروشتی و جوگرافی گرتۆتەوە، لای وڵاتناس و شارناسانی موسڵمان ناسراوە و بەگشتی باسی پێکهاتەکانیان کردوە، ئەوەی جێی مەبەستی ئێمەیە بەشی ڕۆژئاوای هەرێمەکەیە، کە زاتر ناوچە کوردنشینەکانی گرتۆتەوە، بۆ زانیاری لە سەر هەرێمی چیاکان بۆ نمونە بڕوانە: (ابن حوقل، 1992، 357/2 ؛ المقدسی، 1991، 384).
[ii] لە ڕاستیدا لە تەوەری تایبەتدا باسی گوندەکانکراوە، لەبەر دوبارەنەکردنەوەی بابەتەکە لێردا باسنەکراون، ئەم تەوەرە بە هۆکارەکانی گەشەکردنیان پەیوەستە.
[iii] لەماوەی لێکۆڵینەوەکەدا چەندان دەسەڵات و هێز پەلاماری ناوچەکەیانداوە، شەڕ و کوشتار و تاڵانی زۆریان ئەنجامداوە لە نمونەی زەیاریەکان و بوەیهییەکان و غوز و سەلجوقییەکان سەرباری ململانێی ناوخۆیی میرنشینەکانی وەك حسنوەهیی و عەنازی.لەمبارەیوە بڕوانە: (رسول، 2013، 32).
[iv] جامعین: شارۆچکەیەکی نێوان حیللە و بەغدا بوە. (یاقوت الحموي، 1995، 96/2).
[v] لایەنی پیشەگەری و بوارەکانی بابەتیکی گرنگ و تایبەتن، کە زۆر جێي مەبەستی ئەم توێژینەوەیە نییە و لەبەردرێژنەبونەوەی بابەتەکەش ناتوانین لەوە زیاتر باسی بکەین و نمونە بێنینەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (خۆشناو، 2014، 281؛ محمد، 1994، 130).
[vi] لە نمونەی ئەو میرنشین و هێزانە وەك زەیاریەکان و سامایەکان و بوەیهییەکان و غوز و سەلجوقی و خوارزم و مەغۆل، کە ناوچەکە لە ژێر کاریگەری سیاسەت و هەڵمەتی سەربازي ئەواندا زیانی زۆری پێکەوتوە، بۆ زانیاری بڕوانە: (رسول، 2013، 216).